Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.3

# شێوازی نووسینی ژنانە لە چیرۆکی ژنەچیرۆکنووسانی کورد و فارس دا لەڕوانگەی (سارا میلز)

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Ranjdar Azad Azeez
ranjdar.azeez@su.edu.krd

**رەنجدەر ازاد عزیز/** بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر,هەرێمی کوردستان,عێراق

**هیمداد حسین بکر/** بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر,هەرێمی کوردستان,عێراق

RECEIVED :02 /11/2025
ACCEPTED :28/07/ 2025
PUBLISHED : 15/04/ 2026

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕەخنەی فێمینیستی
شێوازی ژنانە
سارا میلز
ئاستەکانی زمان
چیرۆکی ژنانە
ئەدەبی بەراوردکاری

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "شێوازی نووسینی ژنانە لە چیرۆکی ژنە چیرۆکنووسانی کورد و فارس- لەڕوانگەی سارا میلز"، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی نووسینی ژنانە لەچیرۆکی ژنەچیرۆکنووسانی کورد و فارس؛ چیرۆکی ژنانە وەک ژانرێکی ئەدەبی، کە قالب و چوارچێوەیەگی دیاریکراوی هەیە و بەزمانێکی ژنانەوە دەگێڕدرێتەوە و بەشێک لەو تایبەتییانەی لەزمانی ئەم گێڕانەوەیەدا هەیە، دەکرێت نووسینەکانی ئەوان لەنووسینی پیاوان جیابکاتەوە؛ ئەوان لەنووسینەکانیاندا پەنا بۆ وشە و ڕستەگەلێک دەبەن، کە پەیوەستن بە بیر و هزر و ئەو دەوروبەرەوە کە تیایدا دەژین، لەوانە: کەم چیرۆکی ژنانە هەیە دەیان وشە و ناوی تایبەت بە ماڵداری، ئارایش، کەلوپەلی جوانکاری و دایکایەتی ... لەخۆنەگرێت، یاخود وەک چۆن ئەوان لەڕاستیدا وردبین و دەچنە نێو وردەکاری شتەکانەوە؛ بۆ ئەم مەبەستە زیاتر سوود لە وشەڕەنگەکان وەردەگرن، تا زیاتر لەوەسفەکان وردبینەوە. هەروەها لەئاستی ڕستەسازیشدا زیاتر نووسینەکانیان ڕەوان و پاراوە و سوود لەڕستەی کورت و سادە وەردەگرن و ئامرازەکانی گومانکردن لەنێو ڕستەکانی ئەواندا زۆرن. لەئاستی گوتاردا دەربڕینەکانی ئەوان پڕن لە هەست، نەفرەت و نزا و هێمای نازمانی، بۆ دەستنیشانکردنی ئەم جیاوازیانە، لە ڕوانگەی (سارا میلز)ەوە، لە چیرۆکی ژنە چیرۆکنووسانی کورد و فارسدا بەپشت بەستن بە میتۆدی بەراوردکاری، لەهەر سێ ئاستی وشە و ڕستە و گوتاردا پراکتیزە کراون.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1-پێشەکی:

زمان یەکێکە لە گرنگترین ئەو توانایانەی، کە بەمرۆڤ بەخشراوە. جیایکردۆتەوە لەگشت بوونەوەرەکانی دیکە، گرنگی زمان بۆ مرۆڤ وای لە فەیلەسووفی یۆنانی ئەفلاتوون کردووە، کە بڵێت: "مرۆڤ ئاژەڵیکی قسەکەرە"، جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵی بە توانای زمان لەلای مرۆڤ بەستاوەتەوە؛ کە ئامرازێکە لەدەستی مرۆڤ دایە و بەهۆیەوە گشت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەریدا بەرقەراردەکات و ئەوەی لە هزر و بیریدا هەیە دەیخاتەڕوو؛ بەڵام هەریەکە بەجۆرێک و بەشێوازێک، کە پەیوەستە بە فەرهەنگی وشەی خودی کەسەکەوە. بێگومان ئەم شێوازانەش کاریگەری ژینگە و دەوروبەر و شێوازی ژیان و تێڕوانینی کەسەکە و..... تەنانەت ڕەگەزیشی بەسەرەوەیە.

نووسەر وەک هەر تاکێکی کۆمەڵ لەڕەگەزی (نێر – مێ) خۆیان دەبیننەوە، بۆ بەیانکردنی ئەو شتەی لە بیر و هزریدا هەیە سوود لەشێوازێکی تایبەت لە زمان وەردەگرێت لەنێو پرۆسەی ئەدەبدا بە شێوازی ئەدەبی ناودەبرێت. نووسەران بەگشتی لەسەر بنەمای کەسی خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیانن؛ لەگەڵێشیدا لەسەر بنەمای ڕەگەز (نێر و مێ) خاوەنی شێوازێکی گشتین، کە بەشێوازی ژنانە و پیاوانە لەئەدەبدا جیادەکرێنەوە. وەک چۆن هەر یەکە لەم دوو ڕەگەزە تێڕوانین و ڕەفتار و گوفتاری... تایبەت بەخۆیان هەیە و لەنووسینەکانیاندا ڕەنگدەدەنەوە و شێوازێکی تایبەت بەنووسینەکانیان دەدات. ئەمەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هەر نووسەرێک لەبەرهەمەکەیدا سوود لە شتگەلێکی تایبەت وەردەگرێت؛ بۆ پەیبردن بەو تایبەتیانە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لە بەرهەمی نووسەرەکە، چونکە لەژێر کاریگەری ڕەگەزی و بوونی جیاوازی لەنێوان ژنان و پیاواندا بەرهەمە داهێنراوەکانی ئەوانیش لەگەڵ یەکتری جیادەبنەوە.

جیاوازی لەدەربڕین لای ژن و پیاو سەرنجی زۆرێک لە لێکۆڵەران و زمانەوانانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، گرنگترین ئەو لێکۆڵینەوانەش، تێروانینەکانی (سارا میلز)ـە، لە کتێبی (شێوازگەری فیمینیستی) لەساڵی 1995 دا. ئەو نەک هەر باوەڕی بەم جیاوازییە هەیە؛ بەڵکو لەنێو ئەم کتێبەدا زۆر بەوردی هێڵەکانی ئەم جیاوازییەی دەستنیشانکردووە، لەئێستادا بۆچوونەکانی ئەو  لای زۆرێک لەلێکۆڵەرانی ئەدەبی بوون بە بنەمایەک بۆ دیاریکردنی شێوازی ژنانە "ئەو باوەڕی وایە، نووسەرانی ژن، هەڵبژاردەی جیاواز لە زمان لەبنیاد و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیاندا بەکاردەهێنن"(میلز،2007،ص33) بۆئەم مەبەستە لەسێ ئاستی زمانی جیاوازدا جیاوازییەکانی دەستنیشانکردووە، ئەوانیش (ئاستی وشەسازی، ڕستەسازی و گوتار)ـە،

ژنە چیرۆکنووسانی کورد و فارس، لە سی ساڵی ڕابردوودا چیرۆکەکانیان کردووە بە ئاوێنەیەک بۆ ڕەنگدانەوەی پرسە تایبەتییەکانی خۆیان، لەبەرئەوەی ئەم نووسەرانە لەنێو کەلتوورێکی چەقبەستووی پیاوسالارین، وای کردووە ژنان لەم دوو کەلتوورە جیاوازەدا، خۆیان لەنێو جیاوازییەکی ڕەگەزی نایەکساندا ببیننەوە، هەموو ئەو پرسە جیاوازانەی کە لەئەنجامی ئەم نایەکسانییەدا هاتوونەتە ئاراوە، بکەن بە بابەت و ڕووداوی نێو چیرۆکەکانیان، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیانداوە بە زمانێکی ژنانەوە بێنە پێشەوە، کە شێوازێکی نووسینی جیاوازی بە بەرهەمەکانی ئەوان داوە، ئەمەش دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندووە بەرهەمەکانی ئەوان لەڕوانگەی (سارا میلز)ەوە لەهەر سێ ئاستی، وشە، ڕستە و وتاردا پراکتیزە بکەین، لایەنی هونەری و ئەدەبی چیرۆکەکان لەنێو هەردوو ئەدەبەکە لە ئەفراندنی شێوازی نووسینی ژنانە دەستنیشان بکەین.

**1-1 پرسیارەکانی توێژینەوەکە:** کێشەی توێژینەوەکە دەکرێت لەچەند پرسیارێکدا بخەینەڕوو:

- ئایا ڕەگەزی نووسەر، تا چەند کاریگەری  بەسەر دروستکردنی شێوازی ئەدەبی جیاواز هەیە؟
- ئایا شێوازی ژنانە لە نووسینی ئەدەبیدا بوونی هەیە؟
- ئایا شێوازی ژنانە لەنێو ئەدەبی نەتەوەی جیاواز چوونیەکە؟
- ئەو کەرەسە زمانیانە چین وادەکەن شێوازی ئەدەبی ژنانە لەدایک ببێت؟
- ئایا ئەم شێوازە لای ژنەچیرۆکنووسانی کورد و فارس دەبینرێت؟ توانیویانە بەزمانێکی ژنانە بنووسن؟

**2-1 گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە ئەو لایەنە زمانیانەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە دەبنە هۆی دروستبوونی شێوازی ژنانە لە ئەدەبدا بەتایبەت چیرۆک، بەرچاوڕوونی  بە خوێنەر و لێکۆڵەرانی ئەدەبی دەدات، کە چۆن ڕەگەزی نووسەر کاریگەری  لەسەر هێنانەکایەی شێوازی تازە لەئەدەبدا دەبێت؟ لەگەڵ ئەوانەشدا گەیاندنی پەیامی نووسەر

پەیوەستە بەو زمان و ئەدایەی، کە لەنووسینی دەقی چیرۆکەکەدا پێشکەش دەکرێت، هەروەها بەراوردکردنی نموونەی چیرۆکی کورد و فارسی دەمانگەیەنێت بەوەی، کە ژنان لە هەر کلتوور و زمانێکبن شێوازێکی تایبەت بەخۆیانیان هەیە و ئەو کەرەستە زمانیانەی بەکاریان دەهێنن وادەکەن نووسینەکانیان لێکەوە نزیکبن.

**1- 3 ئامانج لە توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە بزانین تاچەند ژنەچیرۆکنووسانی کورد توانیویانە لەم مەیدانەدا ئەسپی خۆیان تاوبدەن، هەروەها تاچەند توانیویانە لەگەڵ نووسەرانی هاوڕەگەزی خۆیان لەنەتەوەی فارس هەنگاوبنێن.

**4-1 میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی بەراوردکاری بەستراوە، لەنێو توێژینەوەی ئەدەبیدا سوودمان لە قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکی وەرگرتووە، کە ئامانجی دیاریکردنی چەمکی کاریگەری و کارتێکردن نییە، بەڵکوو دەستنیشانکردنی لایەنی هونەری و ئەدەبیەکەیەتی.

## 2- چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوەکە:

### 2-1ڕەخنەی ئەدەبی فیمینستی:

دوای ئەوەی نووسەرانی ژن لەجیهاندا ژمارەیان ڕووی لەزیادبوون کرد، ئیتر زەمینەی ئەوە ڕەخسا، کە ئەدەب بکەن بە ئامرازێک، تا پرسە تایبەتییەکانی خۆیانی تێدابخەنەڕوو، ئەمە وایکرد ئەدەبیاتێکی تازە بێتەئاراوە بەناوی ئەدەبیاتی فیمینیستی. دەرکەوتنی ئەدەبێکی لەم جۆرە هەرزوو ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەدەبی بەخۆوە سەرقاڵکرد و ڕەخنەیەکی تازە لەئەدەبدا دەرکەوت، بەناوی ڕەخنەی فیمینیستی، ئامانج لەم ڕەخنەیەدا "ئەوەیە نیشان بدرێت، کە ئەگەر ژنان لە ئەدەبیاتدا سیمایەکی چەوساوەیان بەخۆوەگرتووە، بەهۆی ئەوەوەبووە، کە ژنان و پیاوان لە بارودۆخێکی یەکساندا نەبوونە"(تلخابی،1384:ص86). دەرچەکانی کاری ڕەخنەیی لەم جۆرە رەخنەیەدا، لای لێکۆڵەری ئەدەبی فارس (سیماداد)، لە کتێبی "فرهنگ و اصطلاحات ادبی" لە پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبی فیمینیستیدا چەند دەرچەیەکی کاری ڕەخنەییمان دەخاتە بەرچاو، کە دەکرێت ڕەخنەگری فیمینیستی لەکاری ڕەخنەییدا بەسەر دەقدا پراکتیزەیان بکات، لەوانە:

1-ناساندنی بابەتە تایبەتییەکانی ژنان لەبەرهەمی ژناندا، وەک: (ماڵداری، پەروەردەی منداڵ، ئامادەکردنی خواردن، پەیوەندی دایکایەتی و کچایەتی، پەیوەندی ژن لەگەڵ ژن ....هتد).

2-ئاشکراکردنی نەریتێکی ژنانە لە مێژوویی ئەدەبیاتدا، کە لەلایەن گروپێکی بچووکی نووسەرانی ژنەوە ڕەنگی دابێتەوە.

3-ئاشکراکردنی حالەتی شاز و ژنانە، کە لە ئەزموون و بیر و هەست و بەهاکان و تیڕوانین بۆ جیهانی دەرەوەی ئەوان، لەپاڵیشیدا تایبەتیە زمانییەکانی ژنانە، یاخود ژنانەنووسی، بناسێنرێن(سیماداد،1385:ص487)، واتە ڕەخنەگر کاتێک دەقێک وەردەگرێت، گەر بیەوێت لە ڕوانگەی ڕەخنەی فیمینیستیەوە خوێندنەوەی بۆبکات، بێگومان لەسەرەتادا بەناسینی نووسەرەکەی دەستپێدەکات، کە ئایا پیاوە، یاخود ژن؟ ئەگەر نووسەرەکەی پیاوبێت؛ بەدوای ئەوەدا دەگەڕیت، کە ئایا کارەکتەر و کەسایەتی نێو دەقەکە تا چەند ژنان؟ چ وێنایەکیان بەبەرداکراوە؟ تاچەند ڕۆڵی سەرەکیان پێدراوە؟ تاچەند نووسەر باوەڕی بە پرسەکانی ئەوان هەیە؟ ئەگەر لەدەقدا ڕۆڵی پەراوێزخراویان هەبوو لەوێوە بیری پیاوسالارانەی نووسەرەکەی دەردەکەوێت، ئەگەریش نووسەرەکە ژن بوو ئەوا پانتایی کارە ڕەخنەییەکە فراوانترە و گۆشەنیگای زیاتر بەخۆوە دەگرێت، کە دەکرێت لەڕووی ڕەخنەییەوە بخرێتە بەرباس، لەوانە زمانی دەق، ئایا زمانێکی ژنانەیە، یاخود لەژێر کاریگەری زمان و بیری پیاوە؟ ئایا کێشە و ئاریشەی ژنانەی بەیانکردووە؟ ئایا ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە ژنان لە بەرهەمەکەدا ڕەنگی داوەتەوە؟ و چەندان دی.

بەم شێوەیە ئەم ڕەخنەیە خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکان دەکات و ڕەخنەی ئەدەبی هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێشەوە دەبات. یەکێک لە گرنگییەکانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی "ئەوەیە لە لایەکەوە پەیامی ئەوە بە پیاو و کلتووری پیاوسالاری بدات، کە ئەو تێڕوانینە نادروستەی، کە لەبارەی ژنانەوە هەیانە بیگۆڕن، لەلایەکی دیکەشەوە وا لە ژنان دەکات ئەو تیروانینە هەڵەیەی، کە لەبارەی ناسینی خۆیانەوە هەیانە بیگۆڕن و زیاتر بەرەو پێشەوە بچن"(تربیت،1389:ص11) لەوێوە پەیوەندی نێوان ئەدەبیات و دەمارگیری پیاوسالارانە لەکۆمەڵگەدا ئاشکرا دەبێت.

لەگەڵیشیدا هانی نووسەرانی مێینەش دەدات، تا زیاتر بێنە پێشەوە، لە پرۆسەی نووسیندا ڕۆڵی بەرچاو بگێرن و لەڕێگەی نووسینەکانیانەوە، هاوڕەگەزانی خۆیان وشیاربکەنەوە.

## 2-2سارا میلز و شێوازی نووسینی ژنانە:

سارا میلز، لەدایکبووی ساڵی 1954، شێوازناس، زماناس، نووسەر و لێکۆڵەری کۆلێژی لێکۆڵینەوەی کلتووری زانکۆی "شفیڵد هالام-Sheffield Hallam" لەوڵاتی بەریتانیا، لەبوارەکانی "فیمینیسم و زمانناسی" و " فیمینیسم و تیۆری دوای داگیرکاری" لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە، هەروەها لەبوارەکانی تیۆری زمانناسی، ئەدەبیاتی فێمینیستی و تیۆری گوتاری فیمینیستی دوای داگیرکاریش بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە، کە زۆربەیان بە زمانە جۆراوجۆرەکانی دونیا وەرگێڕدراون، لە گرنگترین بڵاوکراوەکانی، کتێبی "گوتار 1997" و "میشێل فۆکۆ 2002" هەروەها کتێبی "شێوازگەری فێمینیستی"ـە، کە ئەم کتێبە بۆیەکەمین جار لەساڵی 1995 لە کتیبخانەی ئەلیکترۆنی تیلۆر و فرانسیس بڵاوکرایەوە، دواتر لە ساڵی 2005 لە چاپدرا.(خجستەپور-دیگران،1401،ص49)، دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بۆ زۆرێک لە لێکۆڵەرانی ئەدەبی بووە بە تیۆرێک بۆ پراکتیزەکردنی شێوازی نووسینی ژنانە لەبەرهەمی نووسەرانی ژن لەنێو ژانرە جیاوازەکاندا.

میلز، لەم کتێبەدا شێوازێکی تازەی ئەدەبی لەسەر بنەمای ڕەگەزی جیاکردۆتەوە، لەژێرناوی "شێوازی نووسینی فیمینیستی"، کە بەلای ئەوەوە "پوختەترین دەربڕینە بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بابەتی فێمینیستی و ڕەگەزی لەدەقدا، بە سوودوەرگرتن لە شێوازەکانی زمانناسی و شیکردنەوەی زمانی"(رنجبر-دیگران،1403،ص125) ئەو پێیوایە ڕەگەز کاریگەری زۆری هەیە، لە ئەفراندنی شێوازی جیاواز لەنووسینی ژنان و پیاوان دا، بۆیە لەسەرەتای کتیبەکەدا بەم پرسیارە دەستپێدەکات: "ئایا ژنان و پیاوان بە شێوازی جیاواز دەنووسن؟ ڕۆڵی ڕەگەزی لە لێکدانەوەی دەقدا لەبەرچاودەگرن؟"(Mills,2005,p35)، دواتر لەدرێژەی نووسینەکانیدا دەگات بەوەی، کە "نووسەرانی ژن پێکهاتە جیاوازە زمانییەکان لە بنیاد و ناوەڕۆکی بەرهەمی خۆیاندا بەکاردەهێنن، شیکردنەوەی زمانی بۆ ئەم بەرهەمانەش دەبێت لە ئاستەکانی، وشە، ڕستە و گوتاردا ئەنجام بدرێت"(جعفری-دیگران،1403،ص107)، واتە ئەگەر بمانەوێت شێوازی نووسینی ژنانەی دەقێک شیبکەینەوە، ئەوا پێویستە دەقەکە لەهەر سێ ئاستی: (وشەسازی، ڕستەسازی و گوتار)دا پراکتیزە بکەین، بۆئەوەی بتوانین لەوە تێبگەین کە ژنان لەنووسیندا جیاوازتر دەردەکەون.

شێوازی نووسینی ژنانە: شێوازێکی نووسینە، لەسەر بنەمای ڕەگەزی، کە نووسەرانی ژن لە ئەفراندنی بەرهەمی ئەدەبیدا سوودی لێوەردەگرن، کە بەلای سارا میلزەوە، ئەم شێوازە بەتەنیا لەڕێگەی پرسەکانی، وەک: دەرخستنی جیاوازی ڕەگەزی، ڕۆڵی نەریتەکان بەسەر مێینە، توندوتیژی دژی ژنان، بەکەم سەیرکردنی ئەوان لەناو دەقدا سنوردار نابێت، بەڵکو زۆر لەوە فراوانترە، کە توخمەکانی دیکەی بنیادی ئەدەبی، وەک: خواستن، وێنە، وشە و ڕستە و گوتاری پەیوەست بە پرسی ڕەگەزیش ڕۆڵیان تیایدا هەیە(رنجبر-دیگران،1403،ص125)، گرنگترین ئەو لایەنانەشی میلز کاری لەسەرکردوون، ئەمانەن:

ئاستی وشەکان، مەبەست لەدیاریکردنی یەک بە یەکی ئەو وشانەیە لەنێو دەقی ئەواندا، کە هەڵگری تایبەتمەندی ڕەگەزین، کە مەبەست لێی "وشەکانی پەیوەست بە بواری ژنانەیە، کە ژنان زیاتر لە پیاوان لەو وشانە سوودوەردەگرن"(رنجبر-دیگران،1403،ص127). وەک وشەکانی پەیوەست بەماڵداری، سکوزا، وشەڕەنگ و ...هتد.

ئاستی ڕستەکان، ئەگەرچی لە پێکهاتە و بنیادنانی ڕستەکانی ژنان و پیاواندا جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینریَ، بەتایبەت لە جۆری ڕستەکاندا، بەڵکو ئەوەی جیاوازی دەخوڵقێنێت دووبارەبوونەوە و چەندبارەبوونەوەیانە لە بەکارهێناندا(رنجبر-دیگران،ص127) مەبەست ئەو ڕستە و دەربڕینانەیە، کە ژنان زیاتر لەپیاوان بەکاریان دەهێنن و دووبارەیان دەکەنەوە. وەک: ڕستەی کورت و سادە، زۆر بەکارهێنانی ئامرازی گومانکردن،..هتد.

ئاستی گوتار، ئەمەشیان مەبەست لەو دەربڕینانەیە لە بەرهەمی ئەواندا، کە بونیاد و تێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، وەک دەربڕینی سۆزدارانە، نەفرەت و جنێوی تایبەتی ژنانە....هتد، کە لەڕاستیدا تێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتیان هەیە.

**3-2چیرۆکی ژنانە**؛ وەک ژانرێکی ئەدەبی کە قاڵب و چوارچێوەیەگی دیاریکراوی هەیە و بەزمانێکی ژنانەوە دەگێڕدرێتەوە، بەشێک لەو تایبەتیانەی لەزمانی گێرانەوەی ژنانەدا هەیە، هەربۆیە دەکرێت نووسینەکانی ئەوان لەهی پیاوان جیابکاتەوە؛

ئەوان لەنووسینەکانیاندا پەنا بۆ وشە و ڕستەگەلێک دەبەن، کە پەیوەستن بە بیر و هزر و ئەو دەوروبەرەوە کە تیایدا دەژین، بۆنموونە کەم چیرۆکی ژنانە هەیە دەیان قسەی تایبەت بە ماڵداری، ئارایش، کەلوپەلی جوانکاری و دایکایەتی ... لەخۆنەگرێت، یاخود وەک چۆن ئەوان لەواقیعدا وردبینن و دەچنە نێو وردەکاری شتەکانەوە؛ بەهەمان شێوە ئەم وردبینیە لەنێو چیرۆکەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم جیاوازیەش پەیوەستە بەلایەنی فسیۆلۆجی ڕەگەزی مێینەوە "ئاشکرایە مێشکی ژنان و پیاوان لەڕووی فسیۆلۆژییەوە جیاوازە و ئەم بابەتە دەتوانێ کاریگەری بکاتە سەر پرۆسەی سۆزداری، درک و زمان لەکۆتایشدا نووسینی ئەوان"(شرقی-علیانی،1400،ص195)، بۆ دەستنیشانکردنی ئەم جیاوازیانە لە چیرۆکی ژنە چیرۆکنووسانی کورد و فارسدا؛ دەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی دەقەکانی ئەوان لەئاستی وشە و ڕستە و گوتاردا بخەینە بەر لێکۆڵینەوە و پڕاکتیزەیان بکەین.

**2-4قوتابخانەی بەراودی ئەمریکی:** دوای ئەوەی قوتابخانەی بەراوردی فەڕەنسی، وایکرد ئەدەبیاتی فەڕەنسی ببێتە سەردەستەی ئەدەبیاتی جیهانی و ژێردەستخستنی تەواوی ئەدەبەکانی دیکە، لەوێوە ئەمەریکییەکان بە پێوستیان زانی قوتابخانەیەکی تازەی بەراوردی ئەدەبی دابمەزرێنن، "لە بەرپەرچدانەوەی قوتابخانەی فەڕەنسی، لێکۆڵەرانی ئەمریکی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، قوتابخانەیەکیان بە ناوی (قوتابخانەی ئەمریکی) دامەزراند، کە شێوازی ئەوان لە بەراوردا تەنیا ڕەخنەی ڕاستەوخۆ و بێ لایەن بوو، بەبێ خۆدانەپاڵ بەرهەمێکی ئەدەبی تایبەت و لەبەرچاوگرتنی پاشخانی مێژووییەکەی- کە پێچەوانەی قوتابخانەی فەڕەنسی بوو"(مقدم،1388،ص62) ئەوەی لەم قوتابخانەیەدا جێگەی بایەخە، پیشاندانی لایەنی هونەری و ئەدەبی دەقەکانە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بێلایەنە بۆ هەر دوو دەقە ئەدەبیە جیاوازەکە. ئەم قوتابخانەیە "لەساڵی 1958، لەگەڵ وتاری (رینیە ویلک) لە دووەمین کۆنفرانسی نیودەوڵەتی ئەدەبیاتی بەراورد، دەرکەوت، لەڕوانگەی ویلکەوە، ڕەهەندی ئەدەبی، جوانیناسی و هونەری- دەبێت کاری لەپێشینەی ئەم قوتابخانەیە بێت"(مقدم،1388،ص63)، لەپاڵ ڕینیە ویلک، دەکرێت ئاماژە بە تیۆرزانی ئەمریکی (هینری ڕیما)ش بکەین، ئەو مامۆستای زمانی ئەڵمانی و تیرزانی ئەدەبی بەراورد بوو، ئەو ساڵانیکی زۆر لە لیژنەی ئەنجومەنی جێبەجیکاری ئەدەبیاتی بەراوردی ئەمریکی خزمەتی کرد(عطارزادە-گنجعلی خان،ص1165)، ئەوەی وایکردووە زۆربەی لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان لەبواری ئەدەبدا پشت بەم قوتابخانەیە ببەستێت، ئەوەیە، کە "چەمکی کاریگەری و کارتیکردن بە بنچینەی کاری بەراوردی نازانێت، بەڵکو بەراوردی ئەدەبە جیاوازەکان لەسەر بنچینەی نزیکییە"(عطارزادە-گنجعلی خان،ص1166) ئەمەش کارئاسانی دەکات لەبەردەم لێکۆڵەر، بەبێ بوونی کاریگەری و کارتێکردن دەقەجیاوازەکان بەراورد بکەن.

بەراوردکردنی چیرۆکی ژنانە لای نووسەرانی کورد و فارس، لەوێوە سەرچاوەدەگرێت، کاتێک نووسەرانی ژن هەوڵدەدەن دەقەکانیان بە زمان و شێوازێکی ژنانە بنووسن، ئیتر جۆرێک لە نزیکی لەنووسینی ئەواندا دێتەئاراوە، وادەکات بەرهەمەکانیان لەڕووی شێوازییەوە لێک بچن، شایەنی ئەوەبن بەراوردبکرێن، لێکۆڵینەوەی بەردەستیش، کە بەراوردی چیرۆکی ژنانەی هەردوو نەتەوەی کورد و فارسە، بەپێی ئەم قوتابخانەیە ئەنجام دراوە، کە مەبەست لێی نیشاندانی ئەم تایبەتییە زمانییانەیە، کە دەکرێت لەشێوازی نووسینی چیرۆکەکانی ئەواندا بدۆزرێنەوە و لایەنی جوانی و هونەری دەقەکان نیشان بدرێن.

### 3-شێوازی ژنانە و چیرۆکی ژنانەی کورد و فارس:

**3-1ئاستی وشەسازی:** وەک چۆن هەردوو ڕەگەز لەڕووی فسیۆلۆژییەوە جیاوازن، لەهەمان کاتیشدا هەردووکیان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین و کۆمەڵگە و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکەی کاریگەری بەسەر بیر و هزری ڕەگەزە جیاوازەکان جێدێڵن؛ کە لەزمان و دەربڕینی جیاواز خۆی دەبینێتەوە، ئەم جیاوازیانەش لە ئاستی وشەدا دەکرێت لەچەند ڕوویەکەوە نیشان بدرێن، لەوانە:

**3-1-1وشە و ناوی کەلوپەلی ژنانە:** ئەو کەرەسە و بابەت و بوارانەی ژنان خۆیانی تیادا دەبیننەوە جیاوازن لەو بوارانەی، کە پیاوان لەگەڵیاندا دەژین و قسەیان لەسەردەکەن، ئەمەش شێوازێکی تایبەتی بەزمانی نووسینی ئەوان داوە، بۆنموونە "بابەتی پیاوان زیاتر خۆی لە سیاسەت، یاسا و وەرزش، ڕکابەرایەتی، ... گاڵتە ... بەڵام بابەتی قسەکردنی ژنان لەگەڵ

یەکتریدا زیاتر سەبارەت بەخۆیان، هەستەکانیان، ئەو شتانەی کە چێژیان لێوەردەگرن،ماڵداری و خانەوادەیە"(مهرآقا-حسین آبادی،1394، ص940)،دەتوانین بڵێین"بابەتەکانی پیاوان زیاتر گشتی و بابەتەکانی ژنان زیاتر خێزانییە"(اصل،1396،ص59)، کە وایکردووە لەدەقی چیرۆکی ژنانەدا ئەم وشە و دەستەواژانەی؛ کە خۆیان لە ماڵداری و خێزان و ئارایشت و جوانکاری.... دەبیننەوە، زیاتر ڕەنگدانەوەیان هەبێت و شێوازێکی تایبەت لەگێڕانەوە بەچیرۆکەکانی ئەوان ببەخشێ.

لەنێو چیرۆکە ژنانە کوردییەکاندا، ڕەنگدانەوەی وشە تایبەتەکانی بواری ژنان تەواوی چیرۆکەکانی تەنیوە، هێندە بەرچاون کە کەم چیرۆک هەیە وشەگەلێک لەبواری ژنانە لەخۆنەگرتبێت. لەوانە: (ڤیدا قادری) لەچیرۆکی (سێوبوو، یا هەنار؟)دا، کۆمەڵێک وشە و دەربڕینی تایبەتی ژنانە دەکەونە بەرچاو، وەک : (ژووری خەو، دووگیانی) کە چەندین جار لەچیرۆکەکەدا خۆیان دووبارە دەکەنەوە. **((-بەڕاست ئێستا وەبیرم هاتەوە! ئەوە تۆ باسی چیت دەکرد؟ کاڵانی چی و کەمەری خوێناوی چی و شمشێری چی؟ ....ئەمانە چ پێوەندییەکیان بە ژووری نووستنەکەی منەوە هەبوو؟ ....خۆت و سەربازە گاڵتەچییەکانت لەپشت دەرگای ژووری نووستنەکەی مندا مۆڵ دابوون؟ ...ئاها هاتەوە بیرم، من لەژووری نووستنەکەی خۆم، لەگەڵ بێخەویدا لەشەڕیکی دەستەو ئیخەدا بووین..))**(قادری،2016،ل21)، لەهەمان چیرۆکدا وشەگەلێکی تایبەت بە سکوزا، کە خۆیان لەبواری ژنانەدا دەبیننەوە، دەردەکەون **((لەکوێی ژیانمەوە داتنیم کە دەزانم هی ئەوی تری و هی من نی؟ کە من هی ئەوی ترم و هی تۆنیم؟ بۆ لێم نابێتەوە؟ چما بەپێستی سکم هەلمگرتووی و دووگیانم پێت، هەم لەباربردنت دەترسم و هەم لەزابین، چیت لێ بکەم؟))**(ل22). بابەتی سکوزا بەشێکە لە گیان و ڕوح و جەستەی ئەوان ناتوانن لێی جیاببنەوە، ئەوان کە 9مانگ منداڵێک لە منداڵدانیاندا هەڵدەگرن، شیری پێدەدەن و گەورەی دەکەن، پێوەی هۆگردەبن و دواتر لەچیرۆک و نووسینەکانیشیان ڕەنگدانەوەی دەبێ.

ئەم وشە و دەربڕینەکانی بواری ژنان لەلای (سەحەر رەسایی) لەچیرۆکی (کۆڵان پڕ بووە لە تەنیایی)دا هێندە زۆرن ، کە بەچاوپیاخشانێک سیمای ژنانەی تیادا دەبینیەوە، لەم چیرۆکەدا دەیان وشەی تایبەتی ژنانەی وەک: (جلشۆر، زەمیلە، گلەسەر، سکوزا، شووشتن، ملوانکە، شوکردن، بووکی پەڕۆین، سوڕی مانگانە، کلدان، شیردان، ئازاری منداڵبوون، رەحم و سەرپۆش ...) دەبینرێن. ***((ڕۆژانی من و هاوڕێ ئەفغانییەکەم لەجلشۆرخانەکەدا بۆ باسکردنی سەرمای ئێرە دەست پیدەکات تا ئەگات بە گلەسەری بۆنخۆشی ئەفغانستان.... هەموو یەکشەممەیەک بەتاسەوە دەست بەسەر سکمدا دێنێت، بەڵام ئەوەندە هیور و لەسەرخۆ ... ئەیەوێت بزانێت سکم هەیە یا نا.***

***هەمیشە ناڕازی و بۆڵە بۆڵکەر زەمیلەکەی هەڵ ئەگرێ و بەرو ماڵ ئەگەڕێتەوە... هەموو هەفتەیەک باسی شووکردنەکەیم بۆ ئەکات... باسی بوکە پەڕۆینەکانیم بۆ ئەکات کە لەچیلکە و پەڕۆ دروستی کردبوون. ئەوەم بۆ ئەگێڕێتەوە پاش پێنج ساڵ کاتیک یەکەم جار خوێن بەلارانیدا هاتوتە خوارەوە گریاوە.***

***بڕیاری داوە گەر سەفەری ئەفغانستانی کرد یەکێک لەهەرە جوانترین و درەوشاوەترین ملوانکەکانی ئەوێم بۆ بکڕێ و پڕ بە کلدانیکیش گڵی هارڕدراوی قەندەهارم بۆ بێنێ))*** (ڕەسایی،2006،ل14-15) ئەم وشە و دەستەواژانە بەشێکن لەژیانی دووبارەی ئەوان ناتوانن لەبارەیانەوە نەدوێن، بۆیە چەند بارەبوونەوەی ئەم وشە و دەربڕینانە لەنێو ئەم چیرۆکانەدا سیمای شێوازێکی ژنانە دەبەخشن.

لەپاڵ بابەتی سکوزا و ماڵداریدا، بابەتی ئارایشت و جوانکاریش دوانەیەکی دانەبڕاون لە چیرۆکی (گەڕان و سێبەر) لەنووسینی (ماریا ئەحمەد) کەرەسەی جوانکاری و جلوبەرگی ژنانە سیمایەکی ژنانەی بەخشیوە: **((ئینجا چوومە ژوورەکەی خۆم و خوشکە بچووکەکەم... بەدەست و بردی تەنوورە سادە رەشەکە و کراسە گوڵ وردە مۆرەکەم لەبەرکرد... ئافرەتیکی شێت هەیە پیی دەڵێن زەرد و سوور، جلەکانی رەنگاورەنگن، ملوانکەی مووری و مەرجانی لەملییە، بازنەی زۆری لەدەستییە))**(ئەحمەد،2001،ل39-40) ئەم دووبارەبوونەوە و چەندبارەبوونەوەی وشە و ناوی کەرەسەو کەلوپەلی تایبەتی جوانکاری و ئارایشت و ماڵداری و سکوزا .... لەچیرۆکی ئەواندا بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان بۆ ڕەگەزی خۆیان دەنووسن و خۆیان لەنیو چیرۆکەکانیاندا دەبیننەوە، ئەمە وایکردووە ئەو شتانە بێننە ناو چیرۆکەکانیانەوە کە هۆگرن پێیانەوە.

ناوی کەلوپەلی تایبەتی ژنانە بەتایبەت کەرەسەکانی ڕازانەوە و جوانکاری لای (زویا پیرزاد) وایکردووە چیرۆکەکانی ئەو لەنێو چیرۆکەکانی ئەوانی دیکەدا زیاتر ژنانە دەربکەون، لەچیرۆکی (نیمکت روبەرو) دا کەرەسەکانی جوانکاری وەک: بازن،

ملوانکە، ونجیر، ئەنگوستیلە، گەردەن بەند، ... لەنێو ئەم چیرۆکەدا بەرچاودەکەون، ((**باحسرت به گلوبندها و گوشوارەها و زنجیرهای ویترین نگاه کرده و چند النگر و یک انگشتری گذاشته روی پیشخوان. دوباره یاد مادرش افتاد که فقط یک سینەریز طلا داشت و یک انگشتری عقیق. خودش می گفت "سینەریز یاقوتم" اما سنگ های سینەریز یاقوت نبود. می گفت "سینەریز یاقوتم را گذاشتم سر عقد بدهم به عروسم" انگشتری عقیف را مادرش از سفر کربلا آورده بود و برایش خیلی عزیز بود**))(پیرزاد،1385،ص26) ئەم چیرۆکە حەز و ئارەزووی ژنێک بۆ ئاڵتوون و جەواهیر و کەلوپەلی ڕازانەوە نیشاندەدات، کە ئەمەش ئارەزووی هەر ژنێکە، هەڵبەتە ئەم کەرەسانە لەنێو چیرۆکی پیاوێکیش هەن، بەڵام کاتێک سەراپای چیرۆکەکە داگیردەکەن، سیمایەکی ژنانە لەچیرۆکدا دەبەخشن. ئەمە نەک هەر لای زویا لەلای (فەریبا وفی) لەچیرۆکی (حتی وقتی می خندیم) نووسەر ژیانی ڕۆژانەی چوار ژن دەگێڕێتەوە بە گشت سیفات و تایبەتمەندییەکانیانەوە ((**ما چهار زنیم. وقتی دور هم جمع می شویم می توانیم بخندیم حتی اگر غمگین باشیم. ما رژلب و پودر صورتمان را به یکدیگر تعارف می کنیم و در آیینه کوچکی که دست به دست می گردد خودمان نگاه می کنیم**))(وفی،1385،ص1) ناکرێت چیرۆکێک بەم دەسپێکەوە پیاوێک نووسیبێتی، هەر خوێنەرێک دەسپێکێکی چیرۆکی لەم جۆرە بخوێنێتەوە، درک بە ژنبوونی نووسەرەکەی دەکات.

**3-1-2وشە ڕەنگ:** یەکێک لەو بابەتانەی کە زۆرێک لە لێکۆڵەرانی بەخۆگرتوە وشە ڕەنگەکانن، کە دەبنە بنەمایەک بۆ دروستکردنی جیاوازی زمانی لەسەر بنەمای ڕەگەز. یەکێک لەو لێکۆڵەرانەی گرنگی زۆری بەم بابەتە داوە (ڕابین لیکاف)ـە؛ ئەو لە کتێبەکەیدا ئەوەی خستووەتەڕوو، کە "ژنان لە دیاریکردنی ڕەنگەکاندا زیاتر لەپیاوان وردترن. ئەوان بۆ هەر ڕەنگێک جۆری جیاواز جیاواز لەبەرچاو دەگرن"(لیکاف،1401،ص64)، بۆ نموونە لای پیاوان جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان سەوزی گیایی و سەوزێکی تۆخ، هەر دووکیان وەک سەوز دەبینێت، لەکاتێکدا ژنان نەک هەر جیایان دەکەنەوە، بەڵکو لەنێوان ئەوانیشدا جۆری دیکە جیادەکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "ژمارەی وشەکانی ڕەنگ لە هەر زمانێکدا هەرچەند زۆریش بن، ئەوا لەژمارەی ئەو ڕەنگانە کەمترن کە هەن"(زەنگەنە،2002،ل29)، بەمەش ئەگەر ژنان لە ڕەنگناسیدا شارەزاترن مانای وایە کە ئەوان لەبینیندا وردبین و بەدیقەتترن ؛ بۆیە توانای جیاکردنەوەی ڕەنگەکان لای ئەوان لەپیاوان بەهێزترە. دووبارەبوونەوەی وشەڕەنگێکی زۆر لەچیرۆکی ژنانەدا وای لێکردوون لەگێڕانەوەدا جیاوازتر دەربکەون، ئەوان لەنێو چیرۆکەکانیان هەر بەو ڕەنگانە نەوەستاون، کە لەنێو زماندا وشە و دەستەواژەیان بۆ دانراوە؛ بگرە زۆرجار داهێنانیان تیاداکردوون و وشە ڕەنگی دیکەیان داهێناوە، کە بۆ ئەو فۆکس و سەرنج وردییە سەرچاوەی گرتووە کە ژنان لەتیڕوانیندا هەیانە.

وشە ڕەنگەکان لەچیرۆکی ژنانەی کوردیدا، هەر بەتەنیا چیرۆکی (زاوا شووشە)ی (مهاباد قەرەداغی)، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ژنان لەچیرۆکنووسیدا چەندە هۆگری ڕەنگەکانن و چەندە حەزیان پێدەکەن. ئەو لەچیرۆکەکەدا : (14جار ڕەنگی شین، 13جار ڕەنگی ڕەش، 8جار ڕەنگی سپی و سوور، زەردیش 1جار) بەکارهاتووە.

**((-لەدڵی خۆمدا دەمگوت بشێ ئەو دەمارەشینانەی دەستت سەرنجی ئەوانی تریشی ڕانەکێشابێ.**

**-یەک ڕێز فرمێسک بێ پەروا لەدوای یەک ڕژان و بەپەلەپەل گلێنە ڕەش و گەشەکانیان بەجێ هێشتی.**

**-دەتگووت خوێنی دەمووچاوی خۆیەتی ڕژاوەتە سەر لەچکە سپییەکەی..**

**-جەستەی سپی ئەو لەناو کراسێکی سووردا دەدرەوشێتەوە..**

**-هاتە دەرەوە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، دەتگوت خوێنی دەمووچاوی خۆیەتی..**))(قەرەداغی،2004،ل107-114)، هەروەها لای (خەدیجە جاوید) لەچەند دێڕێکی گێڕانەوەدا چەندین ڕەنگی بەکارهێناوە، کە جۆرێک لەجوانی و سیمایەکی ژنانەی بەدەقەکە داوە ((**م م من ئاخر من کراسی سەوزم ئەوێ سوورم پێ جوانە. سپی لەبەرئەکەم! دایکە گیاااان تۆ نازانی سپی چەندە جوانە؟ ژۆزفین هاوسەرەکەی ناپلیۆنیش هەمیشە سپی ئەپۆشی وەک گوڵی نێرگز؛ نێرگزی سپی و دەسەرەیەکی سووریشی دەکردە مل.**))(جاوید،2718،ل5). وشە ڕەنگەکان لای ژنەچیرۆکنووس (سەدەف فروغی)یش لەچیرۆکی (تووژکی نەمر)دا ژنانەبوونی چیرۆکەکەی یەکلاکردۆتەوە ((**لەپشتی دیوارێکی سوور کە شیعریکی کاڵەوبوویان بە ڕەنگی ڕەش پێ خوراندبوو،... کراسە سەوز و شەرواڵە شینەکەی گۆڕی؛ پێی وابوو لەپشتەوە دیارە ... بۆیە تیشێرتە سوورمەییەکە و**

**شەرواڵە ڕەشەکەی پۆشی و جامانە سوورەکەشی دەملی ئاڵاند.**))(فروغی،2718،ل20) ژنانی چیرۆکنووس لەچیرۆکەکانیاندا هۆگربوونی مێینەمان بەرامبەر بەڕەنگەکان نیشان دەدەن، کە چۆن هەر لەتەمەنی منداڵییەوە چێژ لەبینینی ڕەنگە جیاوازەکان وەردەگرن.

وشە ڕەنگەکان، لەنێو چیرۆکی ژنانەی فارسیدا ڕەنگدانەوەی بەرچاویان هەیە، ژنانی چیرۆکنووسی فارس لەپێناو بنیادنانی وەسفێکی ورد و سەرنجراکێش هەمیشە وێڵن بەدوای ڕەنگە جیاوازەکانەوە و هەوڵیانداوە هەمەجۆری لە ڕەنگەکان بهێننە نێو وەسفەکانیانەوە، لەوانە (گولی ترقی) لەچیرۆکی (اولین روز)دا چەندین وشە ڕەنگی جیاجیای بەکارهێناوە لەوانە: سپی، زەرد، خۆڵەمێشی، ئاڵتوونی، ڕەش، شین)، ((**از این پرستارهای سفیدپوش موطلایی وحشت دارم، از این باغ خاموش بیگانه، از این درخت های سوگوار با سایەهای غمگین خاکستری، ...**))(ترقی،1385،ص11)، یاخود ((**پله پله بالا میرویم، پلەها تمام نشدنی، وارد اتاقی نیمه تاریک و نیمه خالی میشویم. تختخواب باریک سفید، پردەهای آبی، میز کوچک و یک صندلی ..**))(ص14). لەچیرۆکی (پارتی) لەنووسینی (مهشید امیرشاهی) نووسەر لەم چیرۆکەدا ویست و ڕەتکردنەوەی هەستی خۆی بەرامبەر بەڕەنگەکان هێناوەتە نێو چیرۆکەکانەوە، کاتێک کچە دەچێت بۆ جێژوانی پرویز بۆ ئەم مەبەستە دەیەوێت ڕەنگی ڕەش بپۆشێت، بەڵام دایکی حەز دەکات ڕەنگی کراوە بپۆشێت؛ ((**ماما هم جد کرد لباس صورتیم را بپوشم. رنگ لباسم، هم برق نوک دماغم را بیشتر نشان میداد و هم سرخی لب هام را. و من دلم میخواست رنگ مات و پریده باشد، فرقم کج، موهام بریزد توی صورتم و لباس مشکی سنگدوزی ماما را بپوشم**))(امیرشاهی،1347،ص114)، یاخود کاتێک دەگێڕێتەوە، کە ((**من از این لباس صورتیم همیشه بدم میآمد، آیا وقتی که کنار هما رسیدم دلم میخواست خودم را پشت یکی از صندلی ها قایم کنم که کسی مرا نبیند**))(ص119) ئەم گێڕانەوەیە لەلایەن نووسەرەوە ئەوەمان پێدەڵێت، کە ژنان زۆر ئارەزوویان لە ڕەنگی دڵخوازی خۆیانە هەمیشە ئارەزوو دەکەن بەو ڕەنگانەوە دەربکەون، کە حەزیان پێدەکەن. لەچیرۆکی (بهار آبی کاتماندو) لەنووسینی (شهرنوش پارسی پور) نووسەر لەم چیرۆکەدا ویست و ڕەتکردنەوەی هەستی خۆی بەرامبەر بەڕەنگەکان هێناوەتە نێو چیرۆکەکانەوە، لەوەسفی ئەم ماڵەی کە تازە ژیانی تێدا دەستپێکردووە؛ ((**اطاق من اطاق خیلی خوبی است. دیوارها آبی است و عکس باغ در آینه پیداست. سقف اطاق سفید سفید است**))(پارسی پور،1356،ص5).

هەروەها زۆرجار ڕەنگێکی تایبەت لای نووسەرێکی ژن ڕەنگدانەوەی بەرچاوی دەبێت و لەزۆرێک لەچیرۆکەکانی ڕەنگدانەوەی دەبێت، بۆنموونە (زویا پیرزاد) یەکێکە لەو ژنە چیرۆکنووسانەی، کە لەزۆرێک لەچیرۆک و تەنانەت ڕۆمانەکانیشی ڕەنگی سپی یەکجار زۆر بەرچاون، بۆنموونە لە کۆمەڵەچیرۆکی (مثل همه عصرها) لەزۆربەی کورتیلە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەچیرۆکە ڕەنگی سپی خۆی دووبارە کردۆتەوە، لەوانە:

لەچیرۆکی (یک زندگی) ژیانێکی دووبارەی تاقەت پڕوکێنی ژنێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ڕەنگی سپی چەندین جار خۆی دووبارە کردۆتەوە: ((**زن چند طره موی سفید را از پیشانی پس میزند. چهل و یکمین بار است که شکوفه کردن درخت را می بیند..**))(پیرزاد،1385،ص28).

لەچیرۆکی (مگس) : ((**حالا در آشپزخانه ظرف ها را میشوید و فکر می کند، "همین روزها باید چند پشقاب تازه بخرم" بشقاپ ها آبی اند، با حاشیەی پهن سفید.**))(ص30).

چیرۆکی (مثل بهار): ڕەنگی سپی لەگەل چەند ڕەنگێکی دیکەدا دەردەکەوێت: ((**زن ها کفش های بلند به پا داشتند باج وراب های توری. کفش های مردها قهوەیی با مشکی یا سفید و مشکی با چرخکاری های ظریف..**))(ص36).

هەروەها لەچیرۆکی (زندگی دلخواه آقای ف) جارێکی دیکە ڕەنگە دڵخوازەکەی نووسەر دیتەوە بەرچاو: ((**روزی که آقای ف بازنشستەشد خانم ف برای ناهار شیرین پلو پخت. گلدان بزرگی را با گل های زرد و سفید داوودی پرکرد و گذاشت روی میز ناهار خوری**))(ص40).

لەچیرۆکی (گلهای وسط آن روتختی): ((**روشنک سنگ های یک قل و دو قل را به گوشەای انداخت. کنار مادربزرگ نشست و شروع به گل بافتن کرد- گل های سفید، قرمز، آبی، زرد، صورتی...**))(ص45) بەمشێوەیە ڕەنگی سپی لەتەواوی چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە و چیرۆک و ڕۆمانەکانی دیکەی نووسەر ڕەنگدانەوەی بەرچاویان هەیە، کە وەک ڕەنگی دڵخواز لەنێو چیرۆکەکانیدا دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی نووسەر چاویان لێبکرێت. ڕەنگ لەچیرۆکی (شجرەی

طیبە)ی (غزالە علیزادە)دا چیرۆکێکی پڕ لەڕەنگ و دونیایەکی ڕەنگاورەنگی خوڵقاندووە بەجۆرێک بەتەنیا لەم چیرۆکەدا سەرووی بیست ڕەنگ بەکارهاتووە، لەوانە: آبی، پاییزی، قرمزی، سیاه، قهوەیی، بنفشی، طلایی، شیرەیی، زرد، خاکی، خاکستری، سبز، ارغوانی، سفید، نیلوفری، فیرۆزەیی، کاهی رنگ، نیلی، اخرایی، سرخ یاقوتی... .((**پنجرەهای ششکوش محدب نشان خانەهای قدیمی، پردەهای چرکتاب قهوەیی با بوتەهای بنفش و گلدانهایی نازک از گل پنج پرطلایی...**))(علیزادە،1356،ص12) هەر لەم چیرۆکەدا ((**ضمن زیرورو‌کردن پارچەها پردەیی دیدم سبز زبا بونەهای ارغوانی و بیش و کم پسندیدم**))(ص13) یاخود ((**درخت میان دمەهای آبی افراشتەبود، ...شاخەهای افراشتە، برگهای سبز دلاویز افشاند، ...لرزان از پرهیب تشعشع بنفش و نیلی و اخرایی، بە گوهر سرخ یاقوتی، ...و صلاەتی پراهتزاز سوی من وزیدن گرفت. ...**))(ص18) بەمجۆرە ڕەنگ لەنێو چیرۆکی ژنانەدا لەهەر دوو ئەدەبیاتەکەدا توانیویەتی شێوازێکی ئەدەبی تایبەت بهێنێتە ئاراوە، کە بەشێوازی ژنانە دەناسرێت.

**3-2ئاستی ڕستەسازی:** جیاوازی لە بەکارهێنانی زمان لای ژن و پیاو، وەک چۆن لەئاستی وشەدا هەستی پێدەکرێت؛ بەهەمان شێوە لەئاستی ڕستەشدا هەیە و بگرە ئەم جیاوازیانە قوڵتردەبنەوە و پێوەرەکان بۆ جیاکردنەوەکە زۆر زیاترن. ئەم جیاوازییەش لە جۆری ڕستە، ئامراز، کەرەسەکانی ڕستە بەدی دەکرێت. بۆنموونە ئەوان لەڕستەدا زیاتر سوود لەڕستەی کورت وەردەگرن، هەروەها لەنێو ئامرەکانی ڕستەدا بەشێکیان زیاتر بەکاردەهێنن؛ زۆرجاریش لەنێو ڕستەکانی ئەواندا نیشانە و هێماگەلێک بوونیان هەیە، کە لە بەرهەمی پیاواندا بەرچاوناکەون.

**3-2-1ڕستەی کورت و هەواڵی:** ژنان لەنووسینەکانیاندا زیاتر سوود لەڕستەی کورت وەردەگرن، ئەمەش بەلای لێکۆڵەری ئەدەبی فارس (مەحموود فتوحی رود معجنی) لەکتێبی (سبک شناسی)، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە "کورتی ڕستە پەیوەستە بە وردبینییەوە، ژنان بەگشتی وردبینن، ئەم وردبینیە، سنووری ڕستەکان بچووک دەکاتەوە، وەک چۆن ئەوان لە فەزایەکی بچووکدا شتگەلێکی ورد و بچووک دەبینن، ڕاستەوخۆ لەبارەیەوە دەدوێن، سروشتییە ماوەی سەرنجدانەکە لەسەر شتەکە کورتە و لەکۆتاییدا ڕستەکەش کورت و هەواڵی دەبێت"(فتوحی،1390،ص407). بۆیە ئەوان لەڕستەی درێژ و ئاڵۆز خۆیان دووردەگرن و کورتی ڕستەکانیشیان لەسەرنجدانی خێرای ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوەی خێرا دەیبینن، دەم و دەست دەریدەبڕن، ئەمەش وادەکات ئەوەی بینیویانە بیکەن بە هەواڵی کورت و خێرا، کاتێکیش دێنە بواری چیرۆکنووسی ئەم ڕستە کورتانە چیرۆکەکانیان دادەپۆشێ و سیمایەکی شێوازی تایبەتیان پێدەبەخشێ؛ کە ڕەنگە بەلای زۆرێک بەلاوازی توانای نووسین لێک بدرێتەوە، کە لەڕاستیدا وەک جۆرێک لەتایبەتمەندی لەنووسینی ئەوان سەیردەکرێت.

لە چیرۆکی ژنانەی کورددا؛ کەم چیرۆک هەیە لەلایەن ژنێکی کوردەوە بەزمانێکی ژنانەوە نووسرابێ ژمارەی ڕستە کورتەکانی چیرۆکەکە زیاتر نەبێت لە ڕستە ئاڵۆزەکان.

نموونەی ئەم ڕستە سادە و کورتانە لەگێڕانەوەدا لای (سەحەر ڕەسایی) لەچیرۆکی ( ... ) تەواوی چیرۆکەکەیان تەنیوە، ((**زریکەیەک ئەکەیت و گڵۆپەکان دائەگیرسێنی. ڕائەکەیتە بەر ئاوێنەکە، چ بەدبەختیەکە، هەرگیز باوەڕناکەیت، کوڕە لەوانەیە ئەمە خەونێکی بێ سەروبن بێ، دەستی پێ دادێنی، منیش باوەڕناکەم، هەر خەونە. گەر دایکت بزانێ، ئەڵێ: "بخەوە ڕۆڵە، نەموت شەوی جومعەیە و پیاز مەخۆ با خەوی خراپ نەبینی؟ ...**))(ڕەسایی،2004،ل23). نووسەر بۆ داڕشتنی چیرۆکەکەی زیاتر سوودی لەکۆمەڵێک ڕستەی کورتی بەیەکەوە لێکدراو وەرگرتووە، بەپێچەوانەوە دوورکەوتووەتەوە لەڕستەی ئاڵۆز و تێکەڵاو بەمجۆرە سیمایەکی ژنانەی بە چیرۆکەکەی داوە. ئەم سیما شێوازییە لای ژنە نووسەر (مهاباد قەرەداغی) لەچیرۆکی (من)دا زیاتر بەرچاو ڕوونیمان پێدەدات: ((**من لەم نێوەندەدا هیچ ناڵێم و بێ دەنگ دادەنیشم، بۆئەوەی خەڵک خۆشی بوێم و ڕێزم لێ بگری سەر بۆ باڵابەرزەکەیان دادەنوێنم و بێ دەنگ دەبم، بەڵام ڕقم لەو بێدەنگیەی خۆمە، دەزانم ئەو مرۆڤە بی دەنگە من نیم و کەسیکی ترە و کەسێکی ترە و بەزۆر جەستەی منی داگیرکردووە.**))(قەرەداغی،2004،ل8). نموونەی ئەم ڕستەکورتانە لەچیرۆکی (ئەوێن هەژی ژیانێ)ی ژنە چیرۆکنووسی بادینان (نەفیسا ئیسماعیل) نووسەر لەدەسپێکی چیرۆکەکەدا بەم ڕستە کورتانە دەست پێدەکات: ((**ئەلندا ڕۆژەکا دییە، وەکی هەموو ڕۆژێن تە یێن بۆری، لێ دەمێ تە چاڤێن خوە ڤەکرین لڤینەکێ د ناخێ تەدا ڤەدگێرا، ئەڤرۆ نە وەکی دوهییە، خەم ب هێزتر و کوورترن، ئەڤە بوو یا هەموو ڕۆژێن تە ژێک جودا دکرن، ڕێ و ڕەسمێن سپێدێ تە ب لەز دکرن...**))(ئیسماعیل،2007،ل28). بەمشێوەیە چیرۆکی ژنانەی کوردی،

وەک چیرۆکی ژنانەی هەر نەتەوەیەکی دیکە لەئاستی ڕستەسازیدا زیاتر ڕستەی کورت و سادەی خەبەری لەخۆدەگرن و سیفاتی نووسینی ژنانە بەخۆیانەوە دەگرن.

شێوازی ژنانە شێوازێکی تایبەتی مێینەیە، مێینەکانیش لە هەر زمان و ئەدەبێ هەر میللەتێک بێت بەهۆی ڕەگەزییانەوە جۆرێک لەنزیکی لەنووسینیاندا هەیە، نووسەرانی ژنی فارس بەهەمان شێوەی نووسەرانی ژن لەئەدەبی کوردیدا لە نووسینەکانیاندا هەوڵیانداوە پشت بەڕستەی کورت و سادە ببەستن، بۆنموونە لەچیرۆکی (تطهیر زمین) لەنووسینی (سمیرا اصلانپور) چیرۆکەکە باس لە بەسزاگەیاندنی پیاوێک دوای دەستدرێژیکردنە سەر کچێک دەکات، کە ئەم کچە خۆی گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە و لەنێو چیرۆکەکەدا نەناسراوە؛ نووسەر لەداڕشتنی چیرۆکەکەدا پشتی بە ڕستەی کورت کورتی لێکدراو بەستاوە و هەوڵیداوە لەڕستەی ئاڵۆز و تیکەڵ خۆی بەدووربگرێت ((**رحم کنید! نکشیدم! چه بیرحمانه! می خواهید اعدامم کنید..؟ همه کاری برایتان می کنم: جارو می کشم، زمین می شویم، فقط اعدامم نکنید. به من رحم کنید. آ ...آی...به تشنج می افتد. سراپایش می لرزد. ...**))(بارفروش،1375،ص98). ئەو هەوڵیداوە بە سادەترین شێوە لە ڕێگەی کورترین ڕستەکانەوە پەیامەکەی زووتر بگەیەنێت و هیچ ئاڵۆزیەک لە تێگەیشتنی خوێنەرەکانیدا نەبێت. (طاهره ایبد)یش لەچیرۆکی (به رنگ خاکستری)، کە گێڕانەوەی ساتێکی پڕ ئازاری ژنێکە لەکاتی منداڵبووندا، کە هێندەی لەخەمی ئەوەدایە منداڵەکەی کوڕبێت ئەوەندە لەئازای گیانی خۆیدانییە، گێڕەرەوە خوێنەرانی هاوڕەگەزی دەخاتە شوێنی گوێگر. نووسەر لەچیرۆکەکەی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ڕستەی کورت و سادە بنیادناوە ((**بلند می شوی. دست به دیوار می گیری و راه می روی، نه، خودت رامی کشانی. ناتوان و سنگین شده‌ای. همه چیز پیش چشمانت کورشده، به رنگ خاکستری؛ نیستی. باز این آشنا به مصاف می آید، میان تو و زندگی شکاف می افتد. توان ایستادنت نیست، زانو می زنی، ناله می کنی، بەخود می پیچی. ....**))(بارفروش،1375،ص100). بەمەش ژنانی چیرۆکنووس لەنێو هەر دوو ئەدەبەکەدا شێوازێکی تایبەتی ژنانەیان لەڕێگەی سودوەرگرتن لەڕستەی کورت و سادە خوڵقاندووە.

**3-2-2سادەنووسی:** ژنان لەنووسیندا زیاتر سوود لە دەستووری سادە، وەسفی ئاسان و وشە و دەستەواژەی ڕۆژانە وەردەگرن، "بۆنموونە ئافرەتان لەهەندێک دۆخدا زیاتر لەپیاوان فۆڕمی ستاندارد، کە هەروەکو فۆڕمی زمانی نووسینە، بەکاردەهێنن"(نۆردێنستام،2009، ل30). هەڵبەتە ئەم شێوازە لەنووسین لای "ئەوان پارێزگاریکردن لەدەربڕینی ستاندارد لەقسەکردندا وەک یەکێک لەڕێگاکانی بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لەئاستی کۆمەڵایەتی دەزانن "(Romaina,2005,p110). بۆیە زیاتر هەوڵدەدەن بەزمانێکی ڕێک و بێگرێ و غەش سود وەرگرن. کە لەچیرۆکی ژنانەدا بەڕوونی هەستی پێدەکرێت و بە یاسا و ڕێسا زمانییەکانەوە پابەندن.

سادەنووسی بەتەواوی زاڵە بەسەر چیرۆکی ژنانەی کوردیدا، نووسەران بەتەواوی پەیرەویان لێکردووە، لەپاڵ ئەم سادە نووسییەیاندا هەوڵیانداوە زمانی ستاندارد لەنووسینی کوردیدا پێڕەوبکەن، سادەنووسیی لای چیرۆکنووس (فەهیما ئیبراهیم) لەچیرۆکی (فالڤەکەر)دا، لەداڕشتنی چیرۆکەکەیدا سوودی لەزمانێکی سادە و بێگرێ وەرگرتووە: **دەم، ئێڤارەکا درەنگ بوو، ل بازاڕەکێ ڤەکری، ل شارەکێ نامۆ، پەرمیچکێن بەفرێ ب ئارامی سەما ل هنداڤی سەرێ من دکرن. ل هەر لایەکی قەرەبالغ و دەنگێ مرۆڤان ب سەر سەپیتکێن ئاسمانی دکەفت، جار ب پێنگاڤێن سست و جار ب لەز رێ ل بەر من یا بەرزە بوو، دناڤ ئاخینکێن هیڤییەکا دوور دا بشۆرەیی بووم.**))(ئیبراهیم،2023،ل109)، گەر وردبینەوە نووسەر هیچ وشەیەکی وای بەکارنەهێناوە بیر و تێگەیشتنمان ئاڵۆزبکات، بەڵکو زۆر بەسادەیی ئەوەی ویستوویەتی گێڕاویەتییەوە. کە ئەمەش ئامانجی ژنانی نووسەرە، کە سادەنووسیی دەکەن بە بنەمای داڕشتنی چیرۆکەکانیان، تەنانەت نووسەر هەوڵیداوە کەرەسە زمانییەکان لەشوینی خۆیاندا بەکاربهینیت و پێڕەوی ستانداردی نووسینی کوردی بکات. بۆ زیاتر وردبوونەوە لەم سیمایە شێوازییە چیرۆکی (نیگارە ناتەواوەکان)ی (مهاباد قەرەداغی) دڵنیایی زیاترمان پێدەدات، ((**دیوارەکانی زیندان ماچ دەکات و نایەوێت بیتە دەرەوە، هاواردەکات: زیندان گیان تۆ دوو مانگە ڕوحی منت پاراستووە، خوێنی منت لەمردن پاراستوە، نامەوێ بەجێت بێڵم نا! تکایە نامەوێ بەجێت بێڵم، دەمەوێ لێرە بمێنمەوە.**))(قەرەداغی،2012،ل181). مهاباد لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا هێندە بێگرێ و کۆڵە نووسینەکەی، هەتا ئەوەی کەمێک خوێندەواریشی هەبێت دەتوانێت بیخوێنێتەوە و لێی تێبگات، سەرەڕای

ئەوانەش شارەزا و وردیشە لە نووسینی ڕێزمانی زمانەکەی و کەرەسەکانی ڕستەی لەشوێنی خۆیدا داناوە، لە سیستمی زمانەکە لای نەداوە.

وەنەبێ هەر ژنە چیرۆکنووسانی کورد سادەنووسی لەدارشتنی زمانی چیرۆکەکانیاندا پەیڕەوکردبێ، بگرە ژنانی فارسیش لەم ڕووەوە دەستێکی باڵایان هەیە، بۆنموونە (بلقیس سلیمانی) لەچیرۆکی (کفن های مادر) پارا و سادەنووسە؛ بەوە نەوەستاوە پەیڕەوی یاسا و دەستوری زمانیشی کردووە، هەوڵیداوە هەموو کەرەسەکانی ڕستە لەشوێنی خۆیدا بەکابهێنێت بەمەش جۆرێک لە ستانداردبوونی نووسینی هێناوەتە نێو چیرۆکەکەی **((مادر ساعت پنج عصر به من تلفن زد و گفت به همه خواهرها و برادرهایم اطلاع بدهم که امشب می میرد. بازی قشنگی نبود، ولی من چاره‌ای نداشتم. با خنده و شوخی به همه اطلاع دادم. ساعت شش همه در منزل مادر بودیم. خانه‌ی مادر به‌هم ریخته‌بود. صندوق خانه‌ی مادر آتش گرفته‌بود و هرچه در آن بود سوخته‌بود به جز کفن های مادر ..))**(سلیمانی،1390،ص37))کاتێک ئەم چیرۆکە دەخوێنیتەوە زۆر بە سانای لێی تێدەگەیت و هیچ گرێ و ئاڵۆزییەک لەبیر و مێشکی خوێنەردا دروست ناکات، یاخود دەکرێت لەچیرۆکی (آپارتمان) لەنووسینی (مرجان شیر محمدی) نووسەر هێندە بە فارسیەکی سادە و ڕەوان نووسیویەتی، هەتا ئەوەی کەم فارسی بزانێت دەتوانێت لەم چیرۆکە بگات : **((زن خمیازه‌ای کشید و فرورفت توی مبلی که روش نشسته‌بود و کتابی را که دستش بود گذاشت روی زمین. به ساعت که رو به روش بود نگاهی انداخت. فکر کرد چه ساعتی پوشک بچه‌اش را عوض کند))**(شیرمحمدی،1391،ص41) هەر ئەم سادەیی و ڕەوانییەیە، کە لەپاڵ تایبەتمەندییەکانی دیکەی نووسین سیمای ژنانە بە چیرۆکەکان دەبەخشێت.

**3-2-3ئامرازی گومانکردن:** کە خۆیان لە ئامرازەکانی وەک: (بەڵکو، بەشکو، ئەشێ، بشێ، لەوانەیە...)دەبینێتەوە، لەنووسینی ژنانەدا زیاتر بەرچاودەکەون، وەک لەنووسینی پیاوان، "ئەم وشانە بۆ نیشاندانی ڕازی نەبوون، یا نەبوونی زانیاری تەواوی قسەکەر بەکاردەبرێت"(برمی،1397،ص105). بێگومان زۆری لە بەرکارهێنانی ئەم ئامرازانە لەدەربڕینی ژنانەدا بۆ کەمی باوەڕبەخۆبوونی ئەوانە، کە ناتوانن ڕاستەوخۆ وەڵام بدەنەوە و قسەکانیان بەکۆتابێن، بۆیە هەمیشە شتێک لەقسەکانیاندا دەهێڵنەوە، تا بەرپرسیاریەتی قسەکەیان نەکەوێتە ئەستۆ. لەکاتێکدا پیاوان ڕاشکاون و بەرپرسیارن بەرامبەر ئەو قسانەی دەیانکەن؛ بێ ئەوەی ترسیان لەشتێک هەبێت، ئەمەش هەر لە سستمی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هێز و دەسەڵاتی بەپیاو داوە و ژنی لێ بێبەش کردووە.

ئەم ئامرازانە وەک چۆن لەدەربڕینی ژناندا زۆر بەرچاودەکەون، لەنووسینەکانیشیاندا بەهەمان شێوە بەرچاون، لەم ڕووەوە دەکرێت چیرۆکی ژنانەی کورد و فارس، بکرێن بە کەرەسەیەک بۆ دەستنیشانکردنی ئەم ئامرازانە و پراکتیزەکردنیان. بۆنموونە گەر چیرۆکی ژنانەی کوردی بخەینە بەر تیشکی پراکتیزەکردن، دەقی چیرۆکی (ژنەکانی ژەنەڕاڵ) لەنووسینی (کازیوە ساڵح) بەتەنیا لەم چیرۆکەدا چەندین جار ئامرازەکانی گومانکردن خۆیان دووبارەکردۆتەوە، بەجۆرێک هەر قسەیەکی لەم گێرانەوەیەدا خراوەتەڕوو، گومانێک لەدوای خۆیدا جێهێشتووە، نووسەر لەم چیرۆکە هەریەکە لە ئامرازەکانی، وەک:(مەحاڵە، خۆ، ئاخر، گەر، دەنا، مەگەر، تەی، بەڵکو...)ی بەکارهێناوە. **((<u>مەحاڵە</u> ئەوەی خەونی پێوەدەبینی بێتەدی... <u>ئاخر</u> خۆشەویستی بێ ئەنجام بەڕق کۆتایی دێت، منیش نەمدەویست ڕقم لێی بێت... <u>خۆ</u> لە ... <u>گەر</u> ژنانی دی خەڵکانی ئاسایی یا هەژار خۆشی دەوێت ئێوە ژەنڕاڵ خۆشی بوێن، یا تووشی خەمۆکی بوون... <u>دەنا</u> ژەنڕاڵ ئێوەی بۆچییە لێرەدا کۆتان بکاتەوە؟ ... <u>خۆ</u> ئەوەی ئێوە خەوتان پێوە دەبینی و لەپێناویدا خۆتان تەسلیم بەو ئاکامە کرد ئەوەبوو ببن بە شاژنی نێو ژنان... <u>مەگەر</u> هەر بەتەنیا نەرە و نرکە و ناڵەی ژەنڕاڵ بتوانێت بەباشی ئازارتان بدات...))**(ساڵح،2004،ل40). نووسەر بەتەنیا لەیەک لاپەڕی چیرۆکەکەیدا چەندین جار ئامرازەکانی گومانکردنی لەزماندا بەکاربردووە، بۆیە وردبوونەوە لەم ئامرازانە بەڵگەن لەسەر بەکارهێنانی زمانێکی ژنانە لەچیرۆکەکەدا.

دووبارەبوونەوەی ئامرازەکانی گومانکردن بوون بە سیمایەکی شێوازی لەچیرۆکی(زیندەوەرەکان مۆمیاییم دەکەن) لە نووسینی(چنوور سەعیدی)، بەهەمان شێوە چەندین جار ئامرازەکانی گومانکردن لەسەر زاری گێڕەرەوەی چیرۆکەکە خۆیان دووبارە دەکەنەوە، **((<u>ئەبێ</u> ئیدی لام چۆڵ نەکەی و وریابیت <u>بزانی</u> چی دەکەم، <u>بەڵکوو</u> فێربی... دایکم ئەیگوت: شتێک نییە <u>ڕەنگە</u> بۆئەوەی کە تا ئێستا لەچکت بەسەردا نەکێشاوە... بیرم نایە.. <u>ڕەنگە</u> لەو کاتەوە کە هێشتا کچ بووم ...من دەست**

**هەڵدێنم پشت گوێم بخورێنم، نایخورینم ڕەنگە وابزانی ئەمەیَ داوەکانی برووخێنم دەترسم چزەم لیَ بێنیَ**))(سەعیدی،2006،ل7-8)، بەم پێیە ژنەچیرۆکنووسانی کورد، وەک هەر هاوڕەگەزێکی خۆیان چۆن لەدەربڕین و قسەکانیاندا بەمتمانەوە یەکڕاست قسەکانیان ناکەن و گومانێک لەنێو قسەکانیاندا جێدەهێڵن، بەهەمان شێوە لە نووسینەکانیشیاندا بووە بە سیمایەکی شێوازی و جوانی بەدەقەکانیان بەخشیوە.

ئەم ئامرازانە لای ژنە چیرۆکنووسانی فارس کەم، تا زۆر ڕەنگدانەوەیان هەیە، گەر چاوێک بەنێو چیرۆکەکانی ئەواندا بخشێنین هەست بەوەدەکەین، کە چیرۆکنووس لەوەی کە دەیڵێت و دەیگێڕیتەوە لەڕێگەی ئامرازەکانی گومانکردنەوە گومان دەخاتەسەر هەموو شتێک و لەهەموو شتێک بەگومانە، ئەوانیش وەک ژنەنووسەرانی دیکە توانای دەربڕینی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانەیان نییە، کە کۆمەڵگە و هێزی نێرینە لە هزری ئەواندا چەسپاندوویەتی. (مهشید امیرشاهی) لەچیرۆکی (خانواده اینده داداش)دا کە باس لە دۆخی کچێکی تازە گەنج دەکات، کە بەهۆی تەمەنیەوە هەمیشە لەلایەن براکەیەوە سەرزەنشت دەکرێت، نووسەر تەواوی چیرۆکەکەی لەسەر بنەمای ئەگەر و نەگەر داڕشتووە، ((**دلم آب پرتقال می خواست، اما ترسیدم اگر بگویم آب پرتقال، همه خیال كنند من جوجه‌ام. گفتم "ویسكی"**))(امیرشاهی،1347،ص19) یاخود ((**مهدی تو مدرسه بی اجازه من آب نمی خورد. اگر من امروز بگویم فلان كتاب خوب است، فردا همان كتاب زیر بغلش است ...**))(ص19) لەم نموونەیەدا هۆکاری ئەم ئەگەر و نەگەرە لە بیر و مێشکی گێڕەرەوەدا ئەو ترسەیە، کە براکەی بۆی دروستکردووە، کاتێک دەڵێت: ((**اگر شیر بخواهم آن جوری، اگر ویسكی بخواهم این جوری. آدم اصلا تكلیفش را با این داداش نمی داند.**))(ص20).

لێرەدا کۆمەڵگەی پیاوسالاری دۆخێکی بۆ مێینە ڕەخساندووە، کە زۆرجار لەلێواری ئەگەر و نەگەردا دەیهێڵێتەوە، بۆیە هەمیشە ترسی لەوشتانە هەیە، کە دەیەوێت ئەنجامی بدات. ئەم ئامرازانە لە لای (منیرو روانی پور) لەچیرۆکی (مرغ آبی رنگم مرده) نووسەر لەگێڕانەوەکەدا هێندە ئامرازی گومانی بەکارهێناوە، وەک ئەوەی هەرچی دەڵێت، بەگومانەوە لێیدەڕوانێت، لەچیرۆکەکەدا ئامرازەکانی، وەک: مگر، اگر، انگار، به گمانم، آخر، ... .بۆنموونە: ((**مگر روی یک مرده ختی اگر مرغ آبی رنگی باشد چه چیز می نشیند؟ ... مگر چقدر یک مرغ سبز تنها می تواند در قفسی بخواند؟ ..**))(روانی پور،1369،ص21). ئەمە بەلای زمانەوانانەوە، وەک تایبەتمەندیەک لە دەربڕین و نووسینی ژناندا چاوی لێکراوە، هەروەها کاتێک کە ((**می دانی ... حالا من ... مرغ سبزم تنهاست و یک مرغ سبز تنها مگر چقد می تواند در قفسی بخواند، ... اصلا اگر بخواند – و روی یک مرده حتی اگر مرغ آبی رنگی باشد مگر چه چیز می نشیند و این ملال ... ملال... و تو چطور می توانی بگویی که كار او نیست؟ كار او نبوده و ... مگر مرغ آبیت تنهاست؟ تنهاست؟**))(ص27). نووسەر وەک هەر ژنێکی دیکە ئامرازەکانی گومانکردن بەشێکی گرنگی دەربڕین و وشەکانیەتی، وەک هەر نووسەرێکی ڕەگەزی خۆی کەمتر ڕاشکاوە و هەمیشە ئەگەر و نەگەر لە دەربڕینەکانیدا دەبینرێن، هەر لای (منیرو روانی پور) لەچیرۆکی (ما فقط از آینده می ترسیم) لە دەسپێکی چیرۆکەکەوە ئامرازی گومانکردنی (لەوانەیە) تەواوی چیرۆکەکە داگیردەکات ((**ما شاعر بودیم و خاطره‌ای نداشتیم. هر روز بعد ظهر، شاید از ساعت چهار توی آن خیابان، جلوی كتافروشی می ایستادیم...**))(روانی پور،1369،ص35). لێرەدا هیچ کێشەیەک نابێت کە دوای عەسر عادەتەن کاتژمێر چوارە و هەڵبەتە ئەم پارچەیە پیاوێک بینووسیبا، بۆیە ئامرازی (لەوانەیە) ی بەکارنەدەهێنا و ڕاشکاوانە و بێ دوودڵی دەدوا. یاخود کاتێک دەگێڕێتەوە: ((**غبار غم روی چهره‌اش بود و یا شاید چون سراسر سیا می پوشید خیال كردم كه غصه‌دار است و ما هم غضه خوردیم**))(ص36).

لێرەشدا زمانی جەستە هەڵە قبووڵناکات، کاتێک لەڕوخساریدا دیاربووە بەدڵنیاییەوە خەمێکی هەبووە، بەڵام جارێکی دیکە (شاید، لەوانەیە) دێتەوە ناو باسەکە، کە لەو دوودڵی و گومانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕەگەزی مێینە لە کۆمەڵگەدا بۆیان دروستکراوە. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم بابەتە چیرۆکی(راه خاكی) لەنووسینی (فەریبا وفی) بەرچاو ڕوونی زیاترمان پێدەدات: ((**اگر بودی می رفتیم بیرون. دوری می زدیم و برمی گشتیم...**))، پاشان درێژە بەگێڕانەوەکە دەدات ((**اگر می رفتیم بیرون، بچه‌ها می گذاشتند به دو و بخودی داد و فریاد راه می انداختند ...**))(وفی،1385،ص31). گێڕەرەوە لەچیرۆکەکەدا خودی نووسەر ئاماژە بەوە دەدات، ئەگەر یارەکەی لەگەڵ بوایە دەچوونە دەرەوە بەیەکەوە، بەڵام بۆ هەنگاوی دوای چوونە دەرەوەش جارێکی دیکە بەگومانەوە دەڕوانێت، ئەمە لە نووسینی ژنانەدا هەر هەنگاوێک کە دەنرێت گومانە بۆ هەنگاوی دواتر و بەمجۆرە بەردەوامی دەبێت، کە لە باوەڕبەخۆ نەبوونی ژنانەوە سەرچاوە دەگرێت.

**3-3ئاستی گوتار:** ژنان بەهەمان شێوەی وشە و ڕستەکانیان، لەئاستی گوتاریشدا لەپیاوان جیادەبنەوە، لەگوتاری ئەواندا کۆمەڵێک دەربڕینی تایبەت بەدی دەکرێن، لەوانە: (نەفرەت، جنێوی ژنانە، دەربڕینی سۆزدارانە و نیشانەی نازمانی)، کە لەنێو دەقی چیرۆکەکانیاندا دەستنیشان بکرێن.

**3-3-1نەفرەت:** لەدەربڕینی ژنانەدا نەفرەت ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە، کە بەلای زۆرێک لەلێکۆلەران بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە "ژنان پێیانوایە حەقی نابودکردنی ئەوان شایەنی قەرەبووکردنەوە نییە و دەسەلاتی تۆڵە کردنەوەشیان نییە. لەبەرئەوە دەربڕینەکانیان شێوەی دوعا و نزا بەخۆدەگرێ و بەشێوەی نەفرەت دەبینرێن"(پیش قدم و دیگران،1393،ص59). ئەمە لەکاتیکدایە لەلای پیاوان زیاتر سوود لەتۆلەکردنەوە و جنێودان وەردەگیرێت. وشە و دەستەواژەی تایبەت بە نەفرەت لەچیرۆکی ژنەچیرۆکنووسانی کورد و فارس زۆرە؛ کاتێک چیرۆکەکانیان لەبێ دەسەلاتی و چەوسانەوەی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەم بێ دەسەلاتیەش بێگومان لەشێوەی نەفرەت و دوعا و نزای ڕەگەزی بەرامبەر خۆی دەبینێتەوە.
ئەوەی پەیوەستە بە دەربڕینی نەفرەت و نزالێکردن، لەچیرۆکی ژنانی کورد کەم، تا زۆر لەنێو چیرۆکەکاندا بەدی دەکرێت، بەجۆرێک لای هەندێک لە نووسەران ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە، لەوانە: لای (ژوان ئاوارە) لەچیرۆکی (کۆتا وەسیەتی بکوژێک)دا، لەسەر زاری بکوژەکەوە دەگێڕێتەوە:
**((دایکم چەپک ئەگریچە ئاڵۆسکاوەکەی دەرنییەوە و لەقەی لەدەرکی جمخانە و شووشەی پەنجەرەکان دەدا و هۆقە تفی بەنیو چاوانمدا دەکردە خوارێ و بە دەنگیکی تیکەڵ لەهەموو نائومێدیەک پێمی دەگووت:**
**<u>بە نەفەرەتی خودا و پیغەمبەران کەویت</u>، خودا هەقی چۆلەکەیەک ون ناکات، چ جای کچێک، چ جای زایفەیەکی بی تاوان))**(ئاوارە،2005،ل8). نووسەر لەڕێگەی ئەم نەفرەتەوە بەتەواوی تام و بۆیەکی ژنانەی بەچیرۆکەکە داوە. یاخود لەچیرۆکی (گوناهی فریشتەیەک) لەنوسینی (مهاباد قەرەداغی) فریشتە کچێکی جوان و نازدارە و گێڕەرەوەی چیرۆکی خۆیەتی، دوای ئەوەی دەستدرێژی دەکرێتە سەر و ژیانی لێتاڵدەبێت: **((شەوان پێش ئەوەی هۆشم بەخەوبسپێرم <u>لەخودا دەپاڕامەوە هەلا هەلا بێت و ناوی بزربێت</u>. ئەوەتا هەلا هەلابووە و ئەوە نیوەی نزاکەمە هاتووەتە دی..))**(قەرەداغی،2012،ل28)، هەر لای مهاباد قەرەداغی، لەچیرۆکی (دڵێکی ورد و خاش)، لەگفتوگۆی نێوان (سڤێتلاتە و شاسوار)دا، کاتێک شاسوار دەیەوێت کۆچبکات و جێیبهێڵێت، لەسەر زاری سڤێتلاتە: **((نا، ناهێڵم بەخۆشی بژیت، <u>دڵنیابە نزات لێدەکەم کە قەت چێژ لەخۆشەویستی نەبینیت و هەرگیز چێژ لەژیانی هاوسەریتی خۆت نەبینیت</u>))**(ل108).
بێگومان ئەو نزا و نەفرەتەش لەبێدەسەلاتی و لاوازی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کۆمەڵگە بۆی دروستکردن، بۆیە جگەلە نزا و نەفرەت هیچی دیکەیان لەدەست نایەت.
نزا و دوعاکردن، وەک سیفاتی ژنانە لەچیرۆکی ژنانەی فارسیدا بەرچاون، لەچیرۆکی (آرزو)ی (بلقیس سلیمانی)دا، نزای دایکیکمان لە کوڕە لاسارەکەی، کە بووەتە مایەی دەردەسەری بۆ دایکی و خوشکەکانی بۆ دەگێڕێتەوە ، بەمشێوەیە **((در هفت سالگی یک نفر را کشت. خانوادەاش تمام داروندارشان را فروختند تا توانستند دیەی دخترک مقتول را بدهند. زقتی بیست و دو سالش بود یک تزریقی خیابان خواب شدەبود و <u>مادرش شب و روز دعا می کرد کسی او را بکشد تا با پول دیەاش بتواند دختران دم بختش را شوهر بدهد</u>))**(سلیمانی،1390،ص75). لێرەدا دایک هیچ کارێکی لەدەست نایەت جگە لە دوعا و نزا، کە بەرامبەر بەکوڕەکە لاسارەکەی بیکات. یاخود لای (سیمین دانشور) لەچیرۆکی (بە کی سلام کنم) گێڕەرەوەی چیرۆک لەبەردەم لەدەستدانی منداڵەکەی، کە هیچی لەدەست نایەت، بۆیە دەستدەکات بە دوعا و نەفرین **((برادرهایت انگار کلفت گیر آورەاند، خودت از محضر کە می آیی <u>خبر مرگت اوراقی</u>، ....))** (دانشور،1380،ص173). بەمەش نەفرین و دوعا وەنەبێت بەتەنها تایبەت بێت بە ڕەگەزی مێینە و پیاوان لێی بێبەری بن، بەڵام ئەوەی جیاوازە لێرەدا زیاتر ژنان و بەتایبەت دایکان لەدەربڕینەکانیاندا زیاتر پەنایان بۆ دەبەن.

**3-3-2جنێوی ژنانە:** لەفەرهەنگی زمانی ژناندا کۆمەڵێک دەربڕین هەن، کە لەکاتی تووڕەییدا، وەکوو جنێو بەکاریان دەبەن، کە بەهیچ جۆرێک پیاوان سوودیان لێوەرناگرن، کاتێکیش ئەم دەربڕینانە گوێبیست دەبین، یاخود لەچیرۆکێکدا بەرچاومان دەکەوێت ڕاستەوخۆ پەی بەوە دەبەین، کە ئەم دەربڕینە دەربڕینی مێینەیە. بێگومان دەستەواژەکانی تایبەت بەجنێودان لای ژنان سەرەڕای ئەوەی لە هی پیاوان جیان، لەهەمان کاتیشدا جۆرێک لە ئابڕۆ و حورمەتیان تیادا دەمێنێتەوە؛ واتە کاتێک ژنێک جنێوێک دەدات بەتەواوەتی مۆرکی ژنانەی پێوەیە، چونکە "ژنان لەپیاوان زیاتر پەیوەستن بەپێگەی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە و گرنگی پێیدەن. لەم ڕووەوە بەڕێزترن... هەروەها قودوەی ڕەفتاری ڕاستن لەکۆمەڵگە، دایکان بۆ ڕۆڵەکانیان قودوەن"(پیش قدم،1393،ص96). بۆیە لەپێناو پێگەی کۆمەڵایەتیان پێچەوانەی پیاوان کەمتر پەنا بۆ جنێوی وشک و ناشرین دەبەن.

لەچیرۆکی ژنانەی کوردیدا ئەم دەربڕینانە جوانییەکی زۆریان بەچیرۆکەکان بەخشیوە، سیمای ژنبوونیان بەچیرۆکەکان داوە، لەچیرۆکی(جیقنە، جگەرە، بنێشتی مۆز) لەنووسینی(نیشتمان قادریان) نووسەر لەم چیرۆکەدا کۆمەڵێک دەستەواژەی ژنانەی تایبەت بە جنێودانی بەکارهێناوە، لە وێنەی: قوونی لەجێگادایە، لچی پانکردەوە، گزگلەگوو، زبر و چڵکن، هاڵاوی بۆگەن، چاو بۆق، ...)، کاتێک ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە زوو درک بەوەدەکەی ئەم چیرۆکە بەخامەی ژنێک نووسراوە، لەسەر زاری گێڕەرەوەی چیرۆک کە ژنێکە:

**((... پیرێژنە نەخۆشەکەی ساحێب ماڵمان وا هەرای لی دەکەم دایەگەورە، وەک زۆر کات <u>قوونی لەجێگادایە</u>.... دایکم تابلۆکەی لەدیوارەکە کردەوە و دایە گەورە بەخەفەتەوە <u>لچی پانکردەوە</u>...**

**دەڵێ: <u>گزگلەگوو</u> هاتەوە سەر گوێسوانەی بۆ چاولەوەڕاندن..))**(قادریان،2024،ل15-17). یانیش لەچیرۆکی ( )ی (کازیوە ساڵح)دا، کەباس لە بەشوودانی منداڵێک بە پیاوێکی بەتەمەن دەکات، لەسەر زاری گێڕەوەی چیرۆک: **(("توخوا مامە کراسی سووریشم بۆ دەکەیت؟" <u>پیاوە مل باریکەکە</u> هەتا ئەو کاتە هیچی نەگوتبوو بەپێکەنینەوە "ئا، ئا ئەی چۆن، کراسی زەردیشت بۆ دەکەم" ...))**(ساڵح،2012،ل18). ئەم دەربڕینە بەتەواوەتی لەلایەن ژنانەوە لەکاتی تووڕەییدا بەکاردێت، زیاتریش ئاراستەی ڕەگەزی بەرامبەری دەکەن. لەلای (زەینەب یوسفی) لەچیرۆکی (دەلاقە1)دا لەسەر زاری گێڕەرەوەی چیرۆک، کە کەسایەتی چیرۆکەکەیە: **((بۆ مەگەر نازانی حەزم لەم بەزمانە نییە؟ هاااا؟ ێ ێ ێ ێ، <u>ئەی گوی سەگ بەرووحی باوکت</u> هاوڕێی هەندەرانی...))**(یووسفی،2008،ل17). ئەم جنێوە تەواو تام و بۆیەکی ژنانەی هەیە. یاخود لای (مریەمی قازی) لەچیرۆکی(هاچەری دەرکی ئەو ماڵەی کە فرۆشرابوو) باس لە دەستگیرکردنی ژنێک دەکات، کاتێک دەیبەن بۆ زیندان لەوێدا ئافرەتێکی بەتەمەن دەبینێت، کە ماوەیەکی زۆرە لەوێیە، لەگفتوگۆی نێوانیاندا: **((نەنە دەگەڵ وەی کە چایەکەی بۆ تێ دەکرد دەستی کردەوە بە بۆڵەبۆڵ.**

**-سواڵی سواڵکەری بۆ نۆکەری، ئەمن بە پیرەسەری قەرواشی زیندانبانەکان بکەم و بەمفتی دەخواردی ئێنگۆی دەم! هانی <u>ڕەببی بە سندانت بی!</u>))**(قازی،2008،ل115) لەگێڕانەوەی ژنانەدا دەستەواژەی لەم جۆرە گوزارشتە لە زمانی ژنانەی چیرۆکەکە. جنێوی تایبەتی ژنانە لەچیرۆکی (دایکە یووسف دەگەڕێتەوە)ی (ژوان ئاوارە)دا لەسەر زاری دایکی یاسەمەنا، کە باسی خۆشەویستی خۆی بۆ یووسف دەکرد، بەڵام وەڵامی دایکی: **((<u>دێڵە</u>شرە بە تۆچییی ... بە تۆچی یاسەمەنە فاجیرا گەڕانەوە و نەگەڕانەوەی یوسف؟!))**(ئاوارە،2005،ل34). ژنە چیرۆکنووسانی کورد لەڕێگەی ئەم دەربڕینانەوە سیمایەکی ژنانەیان لەگێڕانەوەی چیرۆکەکانیاندا دەستەبەرکردووە.

هەرچی چیرۆکی ژنانەی فارسییە، لەچیرۆکەکانی ئەوانیشدا جنێو و قسەی نەشیاوی ژنانە کەم و زۆر بەرچاودەکەون، لەبەشێکی چیرۆکەکاندا لەنێو پرۆسەی گێڕانەوەدا تام و بۆیەکی ژنانە دەبەخشن، ئەم جۆرە دەربڕینانە لای (گلی ترقی) لەچیرۆکی (خانم ها) لە وەسفی خانم گورگەدا دەگێڕێتەوە: **((خانم گرگه شلخته و بی بند و بار و بذله گوست. زبانی تیزتر از نیش مار دارد هیچ کس از دست متلک های آبدار او امان نیست، حتی پدر ...))**(ترقی،1385،ص31)، یاخود کاتێک کە باس لە زمانی زبری باجی گورگە دەکات: **((می گوید: خواهر، تا آنجا که من یادم می آید اسم واقعی تۆ فاطمه بود. بچەهای کوچه صدات می زدند <u>فاطمه ریقو</u>، چه طور شد که یک مرتبه نازملوس خانم شدی))**(ص34). ئەم جنێوانە بەتەواوی تام و

بۆیەکی ژنانەیان هەیە، هەر خوێنەرێک جنێوێکی لەم جۆرە لەنێو چیرۆکێکدا بەدی بکات، درک بە ژنبوونی خاوەنەکەی دەکات.

هەروەها لای (زهره حاتمی) لەچیرۆکی (مادر بزرگ) لەسەر زاری معصومە، کە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە، کاتێک براکەی دایکی لەماڵ وەدەردەنێت: ((**تف به غیرەت برادرم. اگر مرد بود. مادرشو نمی انداخت زیر دست عفریته از خدا بی خبری مثل تو. اون بدبخت زن نگرفته، شوهر کرده**))(بارفروش،1375،ص132) ئەم دەربڕینە بەتەواوی ژنانەیە، هەرگیز پیاوێک ئاوا نادوێ، یاخود کاتێک دەگێڕێتەوە: ((**معصومه می دانست که وقتی شوهرش سر لج بیفتد تا زهرش را نریزد، آرام نمی نشیند...**))(ص132) بێگومان ئەم دەربڕینانە مۆرکی نووسەریان پێوەیە، چونکە دواجار ئەوە نووسەرە ڕووداوەکان و گفتوگۆکانی چیرۆکەکە دادەڕێژێت، کە دوورنییە ژیانی خودی نووسەرەکە خۆی بێت. یانیش لەچیرۆکی (خانواده اینده داداش)ی (مهشید امیرشاهی) کاتێک کچە بەسەرخۆشی لەسەر سوفرەی ریستۆرانت گاڵتە بە دەزگیرانی براکەی دەکات: ((**نگاه کردم دیدم ملیحه بغض کرده، دلم براش سوخت. نزدیک بود من هم بزنم زیرگریه. گفتم، "ملیحه جون..."**

**ملیحه نه گذاشت نه برداشت، گفت: "ملیحه جون و زهر مار!"** ))(امیرشاهی،1347،ص26) ئەم جنێوە بەتەواوی جنێوێکی ژنانەیە، یاخود هەر لە هەمان چیرۆکدا، جنیوی ژنانە چەندین جاری تر خۆیان دووبارە دەکەنەوە، ((**داداش نشست سرجاش، اما مثل سگ چهار چشم مواظب من بود**))(ص27)، یاخود ((**زیر لب گفتم: "آ برو گمشو قورباغه لهیده"** ))(ص27) ئەم جۆرە جنێوانە لەچیرۆکی ژنانەی فارسیدا ڕەنگدانەوەی بەرچاویان هەیە، بەجۆرێک هەر کە بکەونە بەر دیدی خوێنەر جۆرێک لەسیمای ژنانەی چیرۆکەکە دیاری دەکەن. دەربڕین و جنێوی ژنانە لای (سیمین دانشور) لەچیرۆکی (به کی سلام کنم) نووسەر لەهەمووو شتێک تووڕەیە و بێزارە لەسیستمی پیاوساری و کۆمەڵگەکەی خۆی ((**به تمام نامردها و ناکسهای روزگار فحش می دهم، بەتکمام مردهایی که بعد نامرد شدند و کسهایی که بعد ناکس شدند، نفرین می کنم. خیلی ها کس ماندند، سرحرف خودشان ایستادند و مردند، خیلی ها گم و گورشدند**))(دانشور،1380،ص171) ، یاخود لەوەسفی کوکب سلطان دا دەڵێت: ((**زن آبستن پا بماه با یک دست قابلمه بچه را گرفته، با دست دیگرش دست مسعود تخم سگ را گرفته**))(ص173). بەمەش بوونی ئەم دەربڕینانە لەم چیرۆکانەدا وایکردووە، کە چیرۆکەکان وەک چیرۆکی ژنانە دەربکەون.

**3-3-3دەربڕینە سۆزدارییەکان:** ژنان لە دەربڕیندا لەپیاوان نەرمونیانترن، ئەوان هەمیشە هەوڵدەدەن بۆ پەیوەندی و ڕازیکردنی بەرامبەر سوود لە دەربڕینی سۆزداری و پڕهەست وەرگرن، بەمەش دەربڕینە پڕهەستەکان لەنووسینەکانیان بەبەراورد بەپیاوان زۆرتر بەرچاودەکەوێت. بەتایبەت ئەو "دەربڕینانەی کە هاودەردی لەخۆدەگرن، وەک: ئۆخەی، یاخوا، بمرم ...زیاتر لەلایەن ئەوانەوە سوودی لێوەردەگیرێت"(مهرآقا-حسین آبادی،1394،ص940)، لەکاتێکدا پیاوان بەهۆی زاڵی ڕەگەزییەوە؛ زمان شێوازێکی فەرمانی بەخۆوەدەگرێت(عباس محمدی،1396،ص214)، کە خۆی لەو دابەشکارییە نادادییە دەبینێەوە، کە کۆمەڵگە بەسەریاندا سەپاندوویەتی. ئەمجۆرە وشانە لە دەقی چیرۆکی ژنانی کورد و فارس شێوازێکی ژنانەی بە چیرۆکەکانیان داوە.

نموونەی ئەم جۆرە وشانە لەچیرۆکی ژنانەی کوردیدا کەم، تا زۆر دەبینرێن، لەوانە: دەکرێت ئاماژە بەکۆمەڵێک لە نووسەران بکەین: لەوانە (زینەب یوسفی) لەچیرۆکی (دادەکوڵێ)دا چەند جارێک وشەی (وەی)، کە زیاتر لە دەربڕینەکانی مێینەدا بەکاردێت، وەک دەربڕینی هەست "**هەر کە شەوقەکە، کەوتە نێو ژوورەکە ئازا سەری ڕاس کردەوە و بۆ سەرەوە و خۆی هەڵخشاند، وەی ... چەند ترسام ...ڕاستی ئەگەر شووی پەروانە ببوایێ سەری دەخستە سەر سەرینەکەی پەروانەش؟ ...وەی... هەرکە گەیشتمە ماڵ لەترساندا لەسەرخۆ چووم...**"(یووسفی،2008،ل78). هەروەها لای ژنە نووسەر (جوان هیدایەت) لەچیرۆکی (گریانی گوڵە غەریبەکانی دۆزەخ)، کە باس لەژیانی دایکێکی جەرگ سووتاوی دوور لەمنداڵەکانی دەکات. لەزاری دایکەکەوە: ((**هەر بۆیەک جار گوێم لەوشەی "دایە"تان بێ و بمرم، تەمەن بەسەرچوو... تاکەی واسەر گوم و نادیارن؟!!...**))(هیدایەت،2000،ل21).

دەربڕینە پڕ هەستەکان لای ژنەچیرۆکنووس (چنور سەعیدی)دا سیفاتی ژنانەی بەچیرۆکەکە داوە:

((**-سەیرکە هێشتا جێگەی ئەو برینەی منداڵی لەسەر تەوێڵیەوە ماوە. دایکت بمرێ! ...**

**-یاخوا کوێربم که دایانخستووه گوێچکەیەکی شکاوە!))**(سەعیدی،2006،ل22)، هەر لای چنوور سەعیدی لەچیرۆکی (تەنیا تۆ ماچی دەکەیت) سۆزیکی جوانی دایکانەمان بۆ وێنادەکات: **((-ئەرێ باوانەکەم دوایین شەو تەنیا جەستەیەکی بێ سەربوویت و بەشێین سەرتا ئەگەڕاین، ئاخ یاخوا کوێربم ....**
**-دەی ئەمەش بڵێ کە بەیانی هەر ئەو شەوە ...**
**-دایکت بمرێ!))**(ل19)

چیرۆکی ژنانەی فارسی لەم دەربڕینانە بەدەرنین، ئەوان کاتێک چیرۆکێک دەنووسن بەتەواوی خۆیانیان لەناو دەبیننەوە، ئەوان ئەگەرچی وەک نووسەر دەردەکەون، بەڵام لەڕاستیدا کاریگەری تەواوی زمانەکەیان بەسەر کارەکتەر و گێڕەرەوەی چیرۆکەکەشەوە زاڵە، ئەم دەربڕینە سۆزدارییانە کە لە هەست و ویژدانی چیرۆکنووسەکەوە هەڵدەقوڵێ بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێو چیرۆکەکاندا دەردەکەون، نموونەی ئەمجۆرە دەربڕینانە دەکرێت لەچیرۆکی (لابیرنت)ی (مهشید امیرشاهی)، کە یەکێکە لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەچیرۆکی (به صیغه اول شخص مفرد) دەربڕینە سۆزدارییەکان لە گفتوگۆی نێوان کەسایەتی چیرۆک کە هاوکات گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە لەگەڵ (مەلقا)ی هاوڕێی **((اول که مەلقا مرا دید. رفتەبودم بیدارش کنم که برایم کمبرس آب گرم درست کند-دودستی زد تو سرش، گفت، "خاک تو سرم، چی شده؟ چی شده؟"**
**گفتم "تصادف کردم-زودباش".**
**گفت "خدا مرگم بده-مگه اسفندیار خان همراتون نبود؟ ....))**(امیرشاهی،1349،ص13). لێرەدا ئەم دەربڕینانە پەیوەستن بە زمانی ژنانەوە هیچ کات پیاوان لەکاتی دەربڕینی هەست و سۆزدا ئەم چەشنە دەربڕینانەیان بەسەر زماندا نایەت. یاخود هەر لای (امیرشاهی) لەچیرۆکی (خانواده آینده داداش) دەربڕینە سۆزداری و پڕهەستی ژنانە لەسەر زاری دایکی مەلیحە:
**((مادر ملیحه به همه می گوید "جونم"-لنگه ابروش هم همیشه بالاست. برای همین مادرم اسمش را گذاشته "خانم میلاقی" من گفتم "با شما نبودم، خانم میلاقی"**
**مادر ملیحه گفت "خانم چی چی، قربون سرت برم؟"))**(امیرشاهی،1347،ص25) ئەم دەربڕینانە لای (زهره حاتمی) لەچیرۆکی (مادر بزرگ) کاتێک کوڕەکەی دێت، تا خوشکەکەی ڕازی بکات چەند ڕۆژێک ئاگای لەدایکی بێت، چونکە ژنەکەی دایکی قبووڵ نییە لەماڵەکەی بێت، بەڵام کاتێک دایکی دەزانێت کوڕەکەی هاتووە: **((الهی قربون قد و بالات برم. خوب شد اومدی مادر. می خواستم خودم بیام.**
**سلام مادر. حاضر شدی؟**
**سلام بروی ماهت. یه چیزی بخور مادر. دهنتو شیرین کن))**(بارفروش،1375،ص137) ئەم دەربڕینە پڕ لە هەستە دایکانەیە چێژی تەواوی بە چیرۆکەکە داوە و سیمایەکی ژنانەشی بەچیرۆکەکە بەخشیوە و جیایکردۆتەوە لەچیرۆکی پیاوێک. بەمجۆرە ئەم دەربڕینانە لەنێو چیرۆکەکانی ئەواندا ڕۆڵی گرنگ لەهێنانە کایەی شێوازێکی ئەدەبی لەنووسینی چیرۆکەکاندا بەناونیشانی شێوازی ژنانە دەگێڕێت.

**3-3-4 نیشانەی نازمانی:** مەبەست لەو نیشانە و هێمایانەن کە لەدەرەوەی زمانن، بەڵام دەکرێت واتا ببەخشن، ئەمانە لەنووسینی ژنانەدا زیاتر سوودیان لێوەردەگیرێت. لێکۆڵەران "باوەڕیان وایە کەژنان لەپەیوەندی زمانیدا زیاتر لەپیاوان سوود لەنیشانە و هێمای نازمانی وەردەگرن. ئەم نیشانانە لەقسەکردندا لەڕێگەی زمانی جەستەوە، وەک ئاماژەی سەر و دەست و ئاواز و بێدەنگی، نیشاندەدرێن، لەنووسیندا سوود لەنیشانەی سێ خاڵ (...) خەتی ڕاست (—) وەردەگیرێت "(یونسی و دیگران،1396،ص106) لێکۆڵەران بوونی ئەم هێما و نیشانانە لەنووسینی ژناندا بۆ "کەلتورێک دەگەڕێننەوە، کە ژنانی هەر لەسەرەتاوە: (ماڵی باوکی، لەماڵی مێردەکەی، لەکۆمەڵگە) لە قسەکردن قەدەغەکردووە"(حق شناس و دیگران،1383،ص29). بۆیە بوونی ئەم نیشانانە لەچیرۆکەکانیشیان واتای بێدەنگی و قسەگەلێکی نەگوتراو دەدەن.
ئەم هێما نازمانیانە لە چیرۆکی ژنانەی کوردیدا، نیشانەی سێ خال (. . .) لەچیرۆکی (ئاڵا) لەنووسینی (شەرمین سالحی)دا لەگفتوگۆی نێوان (ژیان و باوکی)دا کاتێک ژیان لەبارەی خۆی و ئازادی خۆشەویستی دەدوێت، لەوەڵامی باوکیدا: **((ئازاد ئازاد ئازاد . . . بیبڕەوە ئەم باسە، نامهەوێ جارێتر ناوی ئەو کوڕە ببیستم.))**(سالحی،2718،ل7) ئەم هێمایە لەم گفتوگۆیەدا

گوزارشتە لەکۆمەڵێک دەربڕینی نەشیاو کە ناکرێت بوترێن، واتە کۆمەڵێک وشەی قێزەون و دوور لە ڕەوشت لەدوای ناوی ئازادەوە هەن، کە نووسەر لەڕێگەی ئەم هێمایەوە لایداون. نیشانە نازمانییەکان لای (پەری کەریمی نیا) لەچیرۆکی (باوک)دا، بەواتای (هەڵوەستەکردن و دووبارەکردنەوە و بێدەنگی) هاتووە.

بێدەنگی: (( - **باوکە منیش دێمە یارمەتیت.**

**. . . ))(قاوەکان خراپ سەفەر دەکەن))** (ل35)

هەڵوەستەکردن: ((**من وەک ئەو پیاوەم کە ناوی . . . تەحجا ناویشیم لەبیرچۆوە.**))(ل36)

دووبارەکردنەوە:((**من نابێ ئەم گرانە بخەمە کۆڵ تۆ. ئاگرەکە بەگرتر بگرێ. بگرێ. بگرێ. . .**))(ل37)

ئەم نیشانەیە لای (کازیوە ساڵح) لە چیرۆکی (ژنەکانی ژنراڵ)دا بۆ شاردنەوەی شتگەلێکی شەرمهێنە، ((**چەند بێژم لە ژەنراڵ دیتەوە خۆ تەسلیم دەبێت بە هەموو شتێک، باوەڕناکەم لەو مەملەکەتی ژنانەدا کەسێکیشیانی خۆشیان بوێت، نا ناخ ۆ ئەمیش ئەو ژەنراڵە پاڵەوانەنییە کە ساڵانێک من . . .**))(ساڵح،2004،ل41) لێرەدا نووسەر لەڕێگەی سێ خاڵەوە هەموو ئەو قسانەی بڕیوە کە ناکرێت بگوترێن.

نیشانە نازمانییەکان لەلای چیرۆکنووسانی فارس لەچیرۆکنووسانی ژنی کورد زۆرتر نەبن، کەمترنییە، ئەوانیش بەهەمان شێوە ئەم نیشانە و هێمایانە لەچیرۆکەکانیاندا بە واتا و مەبەستی جیاواز جیاواز بەکاردێن. لەوانە لای (سارا نرا) لەچیرۆکی (زخم دستت قدیمیه؟) لەگفتوگۆی نێوان گێرەڕەوە، کە ژنێکە و کەسایەتی سەرەکی چیرۆکە لەگەڵ داریوش ، کە پەیوەندییەکی دێرینە لەنێوانیاندا هەیە، ((**به بیمارستان که رسیدیم به قول اون داریو رو دیدیم. داریوش تعجب کرد که من به موقع رسیدم و صدامون کرد:**

**-صورتی های خوشمزه ... .**))(نرا،1393،ص24) لێرەدا نووسەر ئەم نیشانەیەی لەبری کۆمەڵێک وشە و دەربڕین داناوە ، کە لەدوای (صورتی های خوشمزە)ەوە هاتووە کە شایەنی وتن نین. هەروەها لەچیرۆکی (مادر بزرگ)ی (زهره حاتمی)دا لەگفتوگۆی نێوان پیرەژن و معصومە کە دایک و کچن ((**پیرزن سربلند کرد و همانطور که موهایش را شانه می زد به چشمهای دخترش نگاه کرد. معصومه دلش آتش گرفت.**

((**مادر می خواستم بگم که ... .**))(بارفروش،1375،ص134) لەپشت قسەکانی معصومەوە دونیایەک قسە هەن بۆ گوتن، بەڵام ئەمە دونیای ژنانە، کە هەمیشە قسەگەلێکیان هەیە بۆ وتن، کە بە نەگوتراوی دەمێننەوە، یاخود لەچیرۆکی (دختر حاجی آقا)ی (زهرا کدخدایان) کاتێ حاجی آقا دەزانێت منداڵە لەدایکبووەکەی کچ نییە و کوڕە چەندین جار لەسەر یەک دووبارەی دەکاتەوە کوڕە، کوڕە، کوڕە، بەڵام نووسەر پەنادەباتە بەر نیشانەی( ...)، وەک مەبەستێک بۆ دووبارەکردەوە، کە ((**حاجی آقا ببین دخترت رو ...؟!**

**پدر با تعجب فریاد زد:**

**ده، اینکه پسره**

**برق شادی در چشمان پدر درخشید، بچه را از دست مادر بزرگ قاپید و گفت:**

**پسره، پسره ... شماها سر منو کلاه گذاشتەبودین، پسره پسره ...**))(بارفروش،1375،ص220) لێرەدا بە مەبەستی دووبارەکردنەوە بەکارهاتووە.

### 4-1ئەنجام:

توێژینەوەکە لەکۆتاییدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

1-شێوازی نووسینی ژنانە لای ژنە چیرۆکنووسانی هەردوو نەتەوەکەدا، لەئاستی وشەسازییدا ئەم جیاوازیانە لە سنووری ناو و وشەی کەلوپەلی ژنان زیاتر، لە: (ناوی کەلوپەلی ئارایشت، جوانکاری، ماڵداری و جل و پۆشین وسکوزا) خۆیان دەبیننەوە، هەرچی وشە ڕەنگەکانن ئەمانیش خۆیان لە ناوی ڕەنگەکانی سروشت دەبیننەوە، کە ژنان زیاتر سوودیان لێوەردەگرن و زۆرجار داهێنان لە وشەڕەنگەکان دەکەن، لە چیرۆکی ژنە چیرۆکنووسانی کورد و فارس بەبێ جیاوازی ئەم بابەتانە دەبینرێن و لەنێو چیرۆکەکانیاندا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاویان هەیە، ناتوانرێت ڕەنگەکان لەنێو چیرۆکنووسەکاندا

دابەش بکەین، چونکە چیرۆکەکانی ئەوان پێکهاتەیەکە لە ڕەنگ و کەلوپەلەکان، بۆ زیاتر وەسف و وردبوونەوە لە شتەکان، بۆ ئەم مەبەستە لە چیرۆکەکانیاندا ڕەنگ گەلێکی زۆر دەبینرێن، کە بەهیچ شێوەیەک ئەم دووبارەبوونەوەی ڕەنگانە لەبەرهەمی هیچ پیاوێک نابینرێن.

2-لەئاستی ڕستەسازیدا چیرۆکی ژنانەی کورد و فارس، بەوە جیادەبنەوە، کە: سادە و ڕەوانن، پشت بەڕستەی کورت دەبەستن، ئامرازەکانی گومانکردن لەنێو چیرۆکەکاندا ئێجگار زۆرن؛ کە لە بێمتمانەی ژنانەوە سەرچاوە دەگرێت، سیفات و تایبەتمەندی ژنان لە شێوازی نووسینی ژنانەدا دەرفەتی ئەوەمان پێنادات، جیاکاری لەنێوان نووسەرانی ژندا لەهەردوو نەتەوەکەدا بکەین، چونکە ئەم سیما و جیاوازیانەی کە نووسەرانی ژن لەنووسیندا بەکاریان دەهێنن، سیما و تایبەتمەندی ڕەگەین و ناتوانرێت ژنانی نەتەوەیەک لەنەتەوەیەکی دیکەی پێ جیابکرێتەوە، بۆیە ژنە چیرۆکنووسانی کورد و فارس، لەنێو چیرۆکەکانیاندا هەوڵیانداوە لە پێکهاتەی چیرۆکەکانیاندا سوود لە ڕستەی سادە و کورت و ڕەوان وەربگرن، هەروەها ژینگەی ژیانی نووسەران لەهەر دوو نەتەوەکەدا بەهۆی جیاوازی ڕەگەزییەوە، پیاوی زاڵکردووە و ژنیشی کپکردووە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی نووسەرانی ژن لەهەردوو نەتەوەکەدا بەهۆی لێکنزیکی کلتوورییەوە زیاتر پەنا بۆ ئامرازەکانی گومانکردن بەرن و نەتوانن ڕاشکاوانە قسەکانیان بەکۆتابهێنن، بەڵکو هەمیشە گومانێک لەنێو قسەکانیاندا بهێڵنەوە.

3-هەرچی ئاستی گوتارە، لەوێشدا ژنانی چیرۆکنووس لەهەر دوو ئەدەبەکەدا توانیویانە ئەم بە زمانێکی پڕ لەسۆز و ئەدای ژنانەوە چیرۆکەکانیان بنووسن بەهۆی سروشتی ڕەگەزی و ئەزموونی دایکایەتییەوە، هەروەها وەک هەر چیرۆکنووسێکی ژنی دیکەی جیهان، نیشانە نازمانییەکان چیرۆکەکانیان داگیربکات، کە بە کۆمەڵێک مەبەست لەنێو چیرۆکەکانیاندا بەکارهاتوون، کە زۆرجار شاردنەوەی قسەگەلێکی نەشیاوە کە کۆمەڵگە و نەریتەکان ئەو بەربەستەی لەبەردەمدا دروستکردوون، کە نەتوانن ڕاشکاوانە دەریانبڕن، ئەمەش جێگەی بایەخی ڕەخنەی فێمینیستیە. سەرەڕای نەفرەت و جنێوی تایبەتی ژنانە، کە لەبێدەسەڵاتی و لاوازی ڕەگەزییەوە سەرچاوەدەگرن، کە ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاویان لەنێو چیرۆکەکانیاندا هەیە.

## 2-4سەرچاوەکان:

### کوردی


-ئاوارە، ژوان(2005)کۆتا وەسیەتی بکوژێک، چ1، سەردەم، سلێمانی.
-ئەحمەد، ماربا(2001)سەفەری تەمەن و ئاوێنەی ناخ، چ1، خەبات، هەولێر.
-ئۆردێنستام، کرێستین(2009)زمان لەڕوانگەی ڕەگەزەوە، و:غازی عەلی خورشید، چ1، ڕەنج، سلێمانی.
-ئیبراهیم،فەهیما(2023)فالڤەکەر، گ:پەیڤ، ژ:93.
-جاوید، خدیجە(2718)کراس، گ:چیرۆکەڵە، ژ:5.
-ڕەسایی، سەحەر(2004)کەس وەک من تۆی خۆشناوێ، چ1، ئاراس.
-رەسایی، سەحەر(2006)کۆڵان پڕ بوو لەتەنیایی، گ:ڕامان، ژ:108.، هەولێر.
-ساڵح، کازیوە(2012)دەزگیرانە قوڕینەکەم، چ1، ئاراس، هەولێر.
-ساڵح، کازیوە(2004)نامەکان بەر لەمردن ناخوێنرینەوە، چ1، بەڕیوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
-سەعیدی، چنوور(2006)هەناسەی پێخەفە داخراوە ئەبەدییەکان، چ1، پڕۆژەی کتێبی قەڵەم، سنە.
-صالحی، شەرمین(2718) ئالا، گ:چیرۆکەڵە، ژ:28.
-فروغی، سەدەف(2718)تووژێکی نەمر، گ:چیرۆکەڵە، ژ:9.
-قادریان، نیشتمان(2024)جیقنە، جگەرە، بنیشتی مۆز، گ:ڕامان، ژ:315.
-قادری، ڤیدا(2016)سێوبوو، یان هەنا؟، گ:ڕامان، ژ:229.
-قازی، مریم(2008)هاتنەژوور پەدەغەیە، چ1، ئاراس، هەولێر.
-قەرەداغی،مەهاباد(2004)مەرگی مرۆڤ و نیوێک، چ1، ئاراس، هەولێر.
-قەرەداغی، مەهاباد(2012)لەتێ پیاو، چ1، یەکێتی نووسەران، هەولێر.
-کریمی نیا، پەری(2015)قاوەکان خراپ سەفەردەکەن، چ1، غەزەلنووس، سلیمانی.
-ئیسماعیل،نەفیسا(2007)گەڕیانەکا بێ هۆدە، چ1، چاپخانەی هاوار، دهۆک.
-هیدایەت، جوان(2000)گریانی گوڵە غەریبەکانی دۆزەخ، چ1، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

-یووسفی، زێنەب(2008)لەبازنەی تەقەدوسدا، چ1، پەیوەند، سلێمانی.

**فارسی**

-اصل،عباس محمدی(1396)جنسیت و زبان شناسی اجتماعی، چ1، نشر گل آذین، تهران.
-امیرشاهی، مهشید(1347)ساربی بی خانم، چ1، انتشارات تابتن، تهران.
-امیرشاهی، مهشید(1349)به صیغه اول شخص مفرد، چ1، انتشارات بوف، تهران.
-بارفروش، محمد باقر(1375)زنان داستان نویس در ایران، چ1، روجا، قائم شهر.
-برمی،مرتضی زراع(1397)نمودهای زنانگی و مردانگی در زنانەنویسی و مردانەنویسی، دوفصل نامه علمی-پژوهشی، سال 8، شماره2.
-پارسی پور، شهرنوش(1356)آویزەهای بلور،چ1، انتشارات رز، تهران.
-پیرزاد، زویا(1385)سه کتاب، چ13، مرکز، تهران.
-پیش قدم،رضا-دیگران(1393)نگاهی جامعەشناختی به کنش گفتار و نفرین: مقایسه زبان های فارسی و انگلسی، مطالعات زبان و ترجمه، شماره 2.
- تربیت،ساره(1389)نقد فمینستی بر غزل سیمین بهبهانی، فصلنامه علمی-پژوهشی زن و فرهنگ، سال2، شماره 5.
- ترقی، گلی(1385)دو دنیا، چ5، گلشن، تهران.
- تلخابی،مهری(1384)شاهنامه و فمینسم،چ1، نشر ترفند، تهران.
-جعفری،مژگان-سیرجانی،سهیلا موسوی-فرزاد،عبدولحسین(1403)پژوهشنامه ادبیات داستانی، دوره 13، شماره 4.
-خجستەپور،سعیده-گذشتی،محمدعلی-فرزاد،عبدوالحسین(1401)مؤلفەهای ژنانەنویسی در رمان"اهل غرق" منیرو روانی پور با تکیه بر سبک شناسی فمینیستی سارا میلز، مجله:سبک شناسی نظم و نثر فارسی(بهار ادب),دوره 15, شماره82.
-دانشور، سیمین(1380)به کی سلام کنم؟، چ5، وزارت فرهنگ، تهران.
-رنجبر،فاطمه-بیرق،حسن اکبری(1403)بررسی تأثیر جنسیت بر سبک داستان نویسی رمان های پرنده من، از شیطان آموخت و سوزاند، سرخی تو از من و بی بی شهرزاد با اتکا بر نظریه سارا میلز، مطالعاتی زبانی و بلاغی، سال15، شماره 37.
-روانی پور، منیرو(1369)سنگهای شیطان، چ1، سعدی، تهران.
-سلیمانی، بلقس(1390)بازی عروس و داماد، چ1، چشمه، تهران.
- سیما داد(1385)فرهنگ اصطلاحات ادبی، چ3، انتشارات مروارید، تهران.
-شرقی، نوید-علیانی، فائزه(1400)بررسی تطبیقی مطالعات سبک نوشتار زنانه و تأثیر جنسیت بر تألیف در ایران، مجله جستارهای زبانی، دوره12، شماره2.
-شیرمحمدی، مرجان(1391)بعد از آن شب، چ8، نشر مرکز، تهران.
-عطارزاده،سارا-گنجعلی خان،مرضیه خلیلی زاده(1393)نقد و بررسی مکاتب برجسته ادبیات تطبیقی، دومین همایش ملی ادبیات تطبیقی دانشگاه رازی، 13 شهریور.
-علیزاده،غزاله(1356)سفرناگذشتنی،چ1، نقش جهان، تهران.
-فتوحی،محمود(1390) سبک شناسی-نظریەها، رویکردها و روش ها، چژ، سخن، تهران.
-لیکاف، رابین تالمک(1401)زبان و جایگاه زن، ترجمه:مریم خدادادی-یاسر پور اسماعیل، چ3، نگاه، تهران.
-مقدم،صدیقه شرکت(1388)تطبیقی مکتب های ادبیات، مطالعات ادبیات تطبیقی، سال 3،شماره12.
-میلز،سارا(1393)گفتمان، ترجمه: موسسه خط ممتد اندیشه، نشان، تهران.
-مهرآقا، سودابه-حسین آبادی،ندا دهقان(1394) نگاهی مقایسەای بر روایت زنانه در آثار داستان مردانه، دهمین همایش بین المللی ترویج زبان و ادب فارسی، دانشگاه محقق اردبیلی، 4-6 شهریور ماه.
-نرا، سارا(1393)زنانگی به توان ابدیت،چ1.
-وفی، فریبا(1385)حتی وقتی می خندیم، چ1، مرکز، تهران.
-یونسی،خوشقدم- دیگران(1396)نشانەهای سبک زنانه در ادبیات داستان معاصر، مجله ادبیات پارسی معاصر، سال7، شماره3 .

**ئینگلیزی:**

-Miles,R(2005)Feminist stylistics, Seconde edition, Puplished in the Taylor & Francis e-Library.

## الأسلوب الكتابي النسوي في قصة القاصات الكورديات و الفارسيات

**رەنجدەر ازاد عزيز**
قسم اللغة الكردية, كليه التربية, جامعه صلاح الدين–أربيل,إقليم كوردستان,العراق
ranjdar.azeez@su.edu.krd
**هيمداد حسين بكر**
قسم اللغة الكردية, كليه التربية, جامعه صلاح الدين–أربيل,إقليم كوردستان,العراق
hemdad.bakir@su.edu.krd

**الملخص**

هذا البحث بعنوان " الأسلوب الكتابي النسوي في قصة القاصات الكورديات والفارسيات" محاولة لتحديد أسلوب كتابة القصة لدى القاصات الكورديات والفارسيات؛ القصة النسوية كنوع أدبي التي لها قالب وإطار محدد وتسرد بلغة نسوية ويميز بعض الخصائص التي في هذه اللغة السردية كتاباتهن عن الرجال، تلجأ النسوة في كتاباتهن إلى مجموعة من الكلمات والجمل التي هي مرتبطة بالفكر و الذهن و المحيط الذي تعيشنه، منه: قل ما نجد قصص نسوية لا توجد فيها الكلمات المرتبطة بالبيت، المكياج، أدوات التجميل، والأمومة، أو كما هن دقيقات و تدخلن في أدق التفاصيل للأشياء؛ فتستفدن من الكلمات اللونية، لكي تدقق أكثر في الأوصاف، وفي مستوى التركيب أكثر كتاباتهن بليغة وفصيحة وتستفدن من الجمل القصيرة والبسيطة وتوجد أدوات الشك في كتاباتهن بكثرة، لإبراز هذه الفروقات من منظور سارة ميلز , تم تحليل القصص للكاتبات الكرديات و الفارسيات بالاعتماد على المنهج المقارن, وذلك على ثلاثة مستويات لغوية؛ مستوى الكليمة, مستوى الجملة و مستوى الخطاب, بهدف توضيح كيفية تجسيد الأسلوب الكتابي الأنسوى عبر هذه المستويات.

**الكلمات المفتاحية:**النقد النسوي، الأسلوب الكتابي النسوي، سارة ميلز ، مستويات اللغة، القصة النسوية، الأدب المقار

## Feminine Writing Style in the Works of Kurdish and persian Women Story Writers

**Ranjdar Azad Azeez**
Department of Kurdish Language, Collage of Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
ranjdar.azeez@su.edu.krd
**Hemdad Hussin Bakir**
Department of Kurdish Language, Collage of Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hemdad.bakir@su.edu.krd

**Abstract**
This study titled 'Feminine Writing Style in the Works of Kurdish Women Story Writers' aims at identifying writing styles in the works written by Kurdish and Persian women story writers. Feminine stories as an independent literary genre have their own distinctive frame and features, and narrated in a particular feminine style. Some of these features distinguish feminine from masculine works. They resort to use certain words, expressions and statements reflect their own distinctive views, perspectives and environment, such as words and rephrase related to housekeeping, makeup, domestic stuffs, maternity, etc. Women are known for their accuracy; therefore, they dive into the details while describing or illustrating an issue, making use of descriptive words. In terms of syntactic structure, they usually utilize simple and short constructions. Feminine works are full of hesitant and doubt tools. Their discourses are full of expressions that are related to emotion, curses, prayers and non-linguistic symbols. To illustrate these differences from Sara Mills perspective, the stories of Kurdish and Persian women writers have been analyzed comparatively at three linguistic levels-the word, the sentence, and the discourse - in order to demonstrate how the feminine writing style is practiced across these layers.

**Key word**s: Feminist Criticism, Feminine Writing style, Sara Mills, Linguistic Levels, Feminine stories, Comparative Literature